حیلمی عەلی شەریف

# بەراووردێک لە نێوان
# ١٩٦٦ و ١٩٩٦

حیلمی عەلی شەریف

# بەراوردێك لەنێوان
# ١٩٦٦ و ١٩٩٦

# بەراوردێك لەنێوان ١٩٩٦-١٩٦٦ دا

ئەگەر ئەو كۆمەڵە بوختان‌و درۆ دەلەسانە نەبێت كەبەناهەق وە بۆ فریودانی كۆمەلانی خەلكی كوردستان‌و قازانجی تەسكی بنەماڵەیەك‌و دەست‌و پێوەندە عەشایەری‌و سیاسیەكانیان ئەخرێنە پاڵ سەركردە راستەقینەكانی جارانی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئەگەر ئەمە نەبوایە پێویست بوو هەر دەست بكرێت بەنووسینی مێژووی دامەزراندن‌و خەبات‌و رووە لەبارو نالەبارەكانی درێژەی خەبات‌و بوونی ئەم پارتیەیە، بەلام لەبەر ئەوەی ئەم كارە زۆر ئەخایەنێت كۆمەڵە بەلگەو سەرچاوەیەكی نوسراوو نەنوسراوو كەسانی شارەزا دیەن‌و رۆژان‌و مانگان‌و سالانی بەسەرهاتەكانی گەرەكەو ئەم كارەش وا بەئاسانی‌و لەم ماوە كورت‌و ئالۆزەدا نایەتە دی، بۆیە بەناچاری دەستم دایە خامە كەلایەنێكی گرنگی ئەم مێژووە بنوسم كەلەلایەكەوە ئەمیش ئەركێكی گرنگی باسەكەو لەلایەكی‌تریشەوە قفلێكی گەورە یاخود بچوك ئەخاتە دەمی ئەو هەلبازوو فریودەرانەو هیچ نەبێت لغاوێكیان ئەكاتە دەم. گەلێك جار گوێمان لێ ئەبێت كەلەباس‌و نووسیندا بەشێك لەسەركردەكانی لایەنێكی سیاسی لەكۆڕی پاكانەكردندا بۆ لایەنەسیاسیە ئەنگەكانی خۆیان‌و پەردەپۆشین بەسەر لایەنە ئەنگەكانی رەوتە سیاسیەكانی خۆیان بەتایبەتی لەسالانی (١٩٩٦-١٩٩٤-١٩٧٦-١٩٧٥-١٩٦٤)دا پەنا ئەبەنە بەر ئەوە گوایە سەركردە بەكردەوە راستەقینەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان

بوون بەجاشی ١٩٦٦وە خۆیان هەمیشە قارەمانی مەیانی کوردایەتیو خەباتو تێکۆشانو رزگاری کوردو کوردستان بوون.

دەبا بزانین لەنێوان (١٩٩٦-١٩٦٦)دا کێ جاشەو جاش بوو وەسەنگو تەرازووی ئەم باسو کێشەیە ئەم لایەنە ئەنگە بەشانی کێو چ لایەکدا ئەداتا!.

جەنابی مەلا مستەفای بارزانی خوای گەورە لەتاوانەکانی خۆش بێت وەبەر رەحمەتی خودا بکەوێت چونکە دوای مردن هەر رەحمەت باشە، پاش کۆژانەوەی بزوتنەوەی ساڵی ١٩٤٥ی بارزان کەکوردو پارتی پێی ئەوتو ئێستاش بزوتنەوە دیموکراتیو نەتەوایەتی شۆڕشگێڕەکانی کورد هەر پێی ئەڵێن شۆڕش وەخۆی وەکو لەچاوپێکەوتنی سەرنوسەری گۆڤاری (العراق)ی پاش شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەموز ووتی شۆڕش چی، ڤانمقامی ئەوسای رەواندوز موجەی (تمونی) حکومەتی وەکو عەشایەرەکانی دەوروپشتی بارزان نەئەدا بەنێمە بۆیە ئەو پیاهەڵچونە لەنێوانی بارزانیو حکومەتدا بەدەسیسەی ئەو ڤانمقامە ناڵبارە پەیدا بووا!.

ئەڵێم جەنابی مەلا مستەفا پاش ئەم کۆژاندنەوەیە رووی کردە کوردستانی ئێرانو لەکۆماری ساوای مەهابادا کەقارەمانی شەهید قازی محمد سەرکردایەتی ئەکرد، خۆیو هێزەکەیو خوالێخۆشبوو هەزاران رەحمەتی خوای لێبێت شێخ ئەحمەدی بارزانو هەوادارانیو ئەفسەرو سەربازی کوردو چەند رۆشنبیرێکی کورد لەم کۆمارەدا گیرسانەوەو باوەشی برایەتیو هاوخەباتیان بۆ کردنەوەو گەورەترین پایەی سەربازیان دا بەجەنابی مەلا مستەفای بارزانی، ئەوەی راست بێت ئەم هێزەی مەلا مستەفا بوو بەپایەیەکی گەورەی ئەم کۆمارە ساوایە.

لەم کۆمارەدا سۆڤیەتیەکان دەستی گەورەیان لەدامەزراندن و ئامۆژگاری کردنیدا هەبوو، بۆیە لەجێی خۆشیدا بوو کەدەستیشیان تێیدا بڕوا، وەکو بۆ کوردستانی ئێران خەم خۆرو بەپەرۆش بوون، هەروەها بەتەنگ کوردستانی عێراقیشەوە بوون کەپارتییەکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی تیا دابمەزرێت، ئەرکی خەباتی نەتەوایەتی دیموکراتی خوازانەی کوردستانی عێراق بگرێتە ئەستۆ، بۆیە کەوتنە هاندانی کوردە دیموکراتی و نەتەوە پەروەرەکانی عێراق لەمهاباد بەیارمەتی دۆستانی ئەم ڕێگایەو لەخۆیان و ئەو ڕێکخراوە نەتەوایەتی و دەستە جەپانەی لەکوردستانی عێراقدا هەن پارتییەك، شایستەی سەرکردایەتی بەرێوەبردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی خوازی کوردستانی عێراق بێت، دابمەزرێنن.

ئەبو بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە یەکێکی دیارو ناودارو جەك هەلگرتووش بۆ سەرۆکایەتی ئەم پارتییە بڕەخسێنن، ڕاستییەکەی لەو کاتەدا جەنابی مەلا مستەفا بارزانی چاك ترو هەلکەوتووترینی ئەو کەسانە بوو کەئەبوو ئەم فەرمانەی پێ بسپێرن، خۆزگە بەخۆزگەی خودا ئەم کارە پڕ بەپێستی مەلا مستەفا بوایە، ئێستا هیچ نەبێت کوردستانی عێراق لەبارودۆخێکی ئێجگار جیاوازدا ئەبوو، وەئەگەر نەڵێم هەموو ئاواتە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی کورد بەشی زۆری بێگومان جێبەجێ ئەبوو، وەپرشنگی ئەم جێبەجێبوونە لەکوردستانی عێراقدا هەموو بەشەکانیتری کوردستانی ڕووناك ئەکردەوە تاڕادەیەکی باشیش بزووتنەوەی نەتەوەو دیموکراتی خوازی عەرەبی عێراقیش ئەبردە قۆناغێکی لەبارو پێشکەوتووترەوە، هەرچۆنێك

بێت لە ١٦ای ئابی ١٩٤٦ لیژنەیەکی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردی عێراقیان لەشاری مەهاباد دامەزراندو جەنابی مەلا مستەفا بارزانییان کرد بەسەرۆکیو مامۆستا هەمزە عەبدوڵا بەسکرتێری.

پرۆگرامو بەرنامەی ناوخۆی ئەم پارتییە لەچاپخانەی کوردستانی کۆماری مەهابادا بەکوردییەکی شێوە موکریانی چاپ کراو ژمارەیەکی باشی لێنێردرا بۆ کوردستانی عێراق، هەر زوو کۆمەڵێك رۆشنبیری لێهاتوو خەبات گێڕو تێکۆشەرو کۆمەڵێکی لەوە زیاتر لەهەموو چینو توێژاڵو دەستەکانی نەتەوەی کوردی لێکۆبونەوەو کەوتنە خەبات کردن لەپێناوی جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوایەتیودیموکراتییەکانی ئەو بەشەی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراقدا کەلەئەنجامدا هەموو بەشەکانیتری کوردستان لەتەکیدا بەئارەزوو وملەهەلومەرجێکی لەباردا لەکوردستانێکی دیموکراتی یەکگرتووی خاوەن مافی نەتەوایەتیدا یەك بگرنەوە.

داخی گران کۆماری مەهاباد لەهەلومەرجێکی نالەباری نێودەوڵەتیدا خۆی پێڕانەگیراو رووخاو قازی محمدی سەرۆك کۆماری لێهاتوو لەتەك پانزە سەرکردەی کۆماری مەهابادو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا بەدەستی جەلادەکانی حەمەرەزا شای ئێران گیانی خۆیان بەبەهەشتی پاكو خاوێن سپاردو چونە ریزی شەهیدانی نەمری کوردو کوردستانو مرۆڤایەتییەوە، دوای ئەم کارەساتە جەرگبڕە جەنابی مەلا مستەفا زۆر زیرەکانە خۆی لەچنگ فروفێڵی شاهنشای ئێرانو سوپا خوێن رێژەکەی رزگار کردو خۆی گەیاندە ئاوی ئاراسی نێوان ئێرانو یەکێتی سۆڤیات

بەیارمەتی هەندێ عەشایەری جوامێری کوردی کوردستانی ئێران، وەلەسەر ئاوی ئاراس لەبەری یەکێتی سۆڤیاتەوە کەبەیارمەتی لەشکری سووری ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستیە پەڕینەوە خاکی سۆڤیاتو بەپەنابەری سیاسی خۆیو پتر لە٥٠٠ کەس کەبەشی زۆریان کوردی عێراقو هەندێ کەسی کوردی ئێرانیشیان لەتەکدا بوو قبوڵ کران.

داخی گران شێخ ئەحمەد بارزانی دڵپاکو نەگونجاو لەتەک مەلا مستەفاداو ئەفسەرە قارەمانەکانی کورد عزت عبدالعزیزو مستەفا خۆشناوو خیرالله عبدالکریمو محمد قودسی بەیەکەوە بەبارزانیەکانی سەر بەشێخ ئەحمەدەوە گەڕانەوە عێراقو خۆیان دابەدەستەوە، رەنگە شێخ ئەحمەدی خوالێخۆشبوو لەپێناوی ژنو منداڵو خێزانە بارزانیەکاندا ناچاری گەڕانەوە بووبێت، بەڵام چوار ئەفسەرەکە لەتەک مەلا مستەفادا نەئەگونجان، لەبەر ئەوە پەتی قەنارەیان لا باشتر بوو، تا مانەوە لەتەک مەلا مستەفادا وە بەڵگەی بێگومانی ئەم بۆچوونە جگە لەقسەی کەسانی ناو کۆڕی ئەم کارەساتە خۆیان لەوەسیەت نامە بەناوبانگەکەی پێش لەسێدارەدانیان ئەڵێن (........دوای جەهالەت مەکەون!!!).

ئەمەوێ لەم باسەدا کەتارادەیەك بەشێکی چەواشە کراو لەمێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانو نەتەوەی کورد روون نەکاتەوە، ئەو راستیە بخەمە پێش چاو کەسەرنجی خوێنەری بەڕێزو ئەو لایەنە رابکێشم کەجەنابی مەلا مستەفاو هەموو هاوشانو سەرکردەیەکی پارتیو دەوڵەتو بزوتنەوەیێکی سیاسی لەکوردستانو گشت گێتیدا بەدوو جۆر باس ئەکرێن، جۆرێکی وەکو تاکە مرۆڤێك کەلەکۆڕی خەباتێکی سیاسیو نەتەوایەتیدا

بەفەرمانێکی سەرشانیان هەڵئەستن وەجۆرەکەی‌تری شایستەیەتی ئەو مرۆڤەیە لەو پلە لێپرسراویتی‌یەی کەپێی سپێردراوە یاخود خۆی تێدا راست کردۆتەوە یا پڕی کردۆتەوە، واتا ئەو مرۆڤە لەجێ‌بەجێ‌کردنی ئەو فەرمانەی کەوتۆتە سەر شانی تا چ رادەیەك باری ئەم ئەرکەو بۆشایی ئەم فەرمانەی پڕکردۆتەوە ئەگەر مرۆڤێك وەکو تاکە کەسێك شان بداتە بەر ئەرکێکی سیاسی یا مرۆڤایەتی یانەتەوایەتی یاخود هەر لایەنێکی تری ژیانی بایەخداری کۆمەڵایەتی، نابێ توندوتیــژ رووی رەخنــەی تــێ بکرێت‌و سەنگ‌و تەرازوویکی موکێشی بۆ کردەوەو بەرهەمەکانی دابنرێت چونکە هەر مرۆڤێك لەو کۆڕانەی باس کراون تاکەبەردێکیش لەبناغەی کۆمەڵگا دابنێن ئەبێ لەبریتی یەك ئافەرین سەد ئافەرینیان لێ‌بکرێت، بەڵام کەباسی مرۆڤێکی رابەرو سەرکردە ئەکرێت لەو کلاورۆژنەیەوە سەیری ئەکرێت کەئایا ئەو جێگایەی پێیان سپێراوە پڕ بەپڕ، شایستانەو لێهاتوانە پڕی کردۆتەوە یان نا؟ ئەبێ کردەوە باشەکانی بکرێن بەسەرمەشق بۆ پەیڕەوکەرانی، هەروەها رەخنەی زۆر ئازایانەو بێ ترس‌و لەرز لەهەڵەو ناتەواویەکانی بگیرێت، چونکە ئەم هەڵەو ناتەواویانەی ئەوەندەی شانی ئەو سەرکردەو رابەرە ئەگرێتەوە، سەد ئەوەندە شانی پەیڕەوکەران‌و هەندێ جار نەتەوەیەك هەمووی ئەگرنەوە، بۆیە ئەم جۆرە پیاوو سەرکردانە لەو کونجەوە ئەخرێنە ژێر باری رەخنەو رەخنە سازیەوە کەئەبێ ئەو فەرمانە گرنگەیان پێ‌بسپێردرێت یان نا؟ وەلەکاتی سەرکردایەتی‌و رابەرایەتی‌دا چەند سوودو چەند زیانیان بەبزووتنەوەکەیان‌و خەڵکی سەر بەبزوتنەوەکە گەیاندووە! کورتەی باس ئەوەیە کەرەخنەو گلەیی

لەسەرکردەو رابەرێك ئەگیرێت، مەبەست نابێ ئەوە بێ کەراستەو چەپێك بەسەر هەموو کردەوەکانی‌دا بهێنرێت بەلکو ئەبێ مەبەست لەوەبێ کە ئایا ئەو سەرکردەو رابەرە لەو کاتەدا کەبەفەرمانی خۆی هەستاوە شایستەی ئەو پلەو پایەیە بووە کەلەسەریان هەلسوراوە یان نا؟ بۆیە بەناچاری لەم چەند لاپەرەیەی پێشەوە دا ئەم سەرنجەم خستە روو تا خوێنەری بەرێز لەمەبەستی راستەقینەی باسەکە تێبگات، دوای ئەمە دێینەوە سەر سەرچاوەی باسەکەمان کەجوغزەکەی نێوانی بەسەرهاتی ساڵەکانی١٩٦٤ەوە کەپەیداکەری ساڵی ١٩٦٦ـە تا ١٩٩٦ی زاینی، دوای ناردنی پرۆگرام‌و پێرەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کورد- عێراق‌و هاتنەوەی مامۆستا هەمزە عەبدوڵا بەم پرۆگرامەوە لەمەهابادەوە بۆ کوردستانی عێراق‌و یەکەوەنانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەسانی رۆشنبیرو خەباتگێری کوردی عێراق‌و پاڵاوتەبوونی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دیموکراتی دەستە چەپ‌و کۆمۆنیستی لەکوردستانی عێراقدا پارتیەکی جەماوەری شۆرشگێری پشت بەکرێکارو جوتیارو کاسبکارو وردە بورژوازی کوردستان بەستوو بەسەرۆکایەتی دەستەیەك رۆشنبیری شۆرشگێری چەپ خوازی کورد دامەزرا کەتەنانەت لەکۆری دەستە چەپی‌دا ململانێی لەتەك پارتی کۆمۆنیستی عێراق دا لەگۆرەپانی تێکۆشانی جەماوەری‌دا ئەکرد جگە لەوەی کەلەکۆری خەباتی نەتەوایەتی‌دا هیچ لایەکی تر شانی لەشانی بدات، تا بەم حاڵە ئەم پارتیە بەناوی سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی‌و بەکردەوەش مستەفا بارزانی ١٢ ساڵ لەیەکێتی سۆڤیاتی دوور لەخەباتی ئەم پارتیە درێژەی بەخەباتی شۆرشگێرانەی خۆی ئەدات. ئەوەی راست بێ ئەم

رێبازەی پارتی دیموکراتی کورد/ عێراق کەلەدواییدا بوو بەپارتی دیموکراتی کوردستان‌و ئینجا پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق‌و جارێکی تر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەلایەک‌و بەبیرو باوەڕێکی دیموکراتیانەی سۆشیالیستانەی سەر بەمارکسیزم لینینزم لەلایەک‌و بیرو باوەڕی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لەلایەکی‌تر ئێجگار لەیەکتر دوورو لەسەر دوو بناغەی زۆر جیاواز لەیەکتری دامەزرابوون. بۆیە هەر لەیەکەم رۆژی گەڕانەوەی ئەم جەنابە ناکۆکی کەوتە نێوانەوەو کەلەئەنجامدا بوو بەدووبەرەکی‌یەکی دوژمنانەو درێژەشی بەم دەقە وەرگرت وەکو هەموو نەتەوەی کوردو دۆست‌و دوژمنانی کوردو کوردستان لێیان شارەزان جەنابی مەلا مستەفا تەنیا بڕوای بەلولەی تفەنگ‌و سیاسەت بازی‌و فۆلاتیقەو عەشایەر کۆکردنەوەو بەخەیاڵی خۆی دڵی هەموو دەوڵەت‌و لایەنێك رازی‌کردن دژی ئەو لایەنەی کەخۆی بەدوژمنی کوردی دەزانی، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٥٩دا کەهێشتا جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لەخانوەکەی سەباحی کوڕی نوری سعیددا بوو کەعبدالکریم قاسم لەتەك مانگانەیەکی باشدا بەخۆی‌و بارزانی‌یەکان ئەو خانوەی پێ‌خەڵات کردبوو، بەفەرمانێکی مەکتەبی سیاسی نامەیەکی تایبەتی کەئەبوو جەنابی مەلا مستەفا لێی ئاگادارببێت چووم بۆ لای بۆ ماڵەوە لەخانووی ناوبراودا لە(کرادە مریم)دا پاش ئاگادارکردنی لەدیوەخانەکەی خۆی‌دا، بەئەمانەت پشوی لەمیوانەکانی خواست، پێکەوە چوینە ژورێکی بچوکی سەرەوەی خانوەکە، من لەو کاتەدا جگە لەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم ئەندامی لیژنەی نوسینی رۆژنامەی خەباتیش بووم کەئۆرگانی پارتی دیموکراتی

کوردستان بوو، وه بەئاشکرا لەبەغدا دەردەچوو ئێمە سێ کەس بووین کەلەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بۆ ئەم کارە دەست نیشان کرابووین سکرتێری پارتی و سەر نوسەری رۆژنامەکە مامۆستا ابراهیم احمدو بەڕێز جەلال تالەبانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کەئەو کاتە ئەفسەری تانك بوو لە ابو غرێب وە نوسەری ئەم باسە، مام جەلال لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی بەکاروباری سەربازی و رێکخستنەوە زۆرتر خەریك بوو لەئێمە کەمتر خەریکی ئەم فەرمانە بوو، دوای نامە خوێندنەوە کەجەنابی مەلا مستەفا لێی پرسیم (تۆ لەرۆژنامە کار دەکەیت) ووتم (بەڵێ) وتی (دەباشە چەند ئامۆژگاریەکت ئەکەم گوێم لێ‌ڕابگرە) ووتم فەرموو ووتی (کەباسی ئیستعمار دەکەن ناوی هیچ دەوڵەتێك مەهێنن ئەگەر ئەمریکا پرسی ئەڵێن بەرووس ئەڵێین وەئەگەر رووس پرسی کرد نیازتان لەکێیە ئەڵێین ئینگلیز وەبەم جۆرە) ووتم (بەڵێ) ووتی (باسی دەرەبەگیش بەهیچ جۆرێك مەکەن چونکە هەتا فەلاح یەکە بەیەکە رازی بکەین لەتەکمانا بێت ئێجگار کاتێکی زۆری دەوێت بەلام هەر سەرۆك عەشیرەتێك بکەیت بەدۆستی خۆمان بەسەدان و بەلکو بەهەزاران فەلاحمان لەتەك خۆیدا بۆ ئەهێنێت) ووتم (بەڵێ) ووتی (بەهیچ شێوەیەك باسی ئیشتراکیەت مەکەن چونکە من لەسۆفیات بووم ئێوە نازانن ئەوان دایك و خوشکی خۆیان ...). هەر ووتەکەی تەواو کرد وەکو مووی سەرم هەموو راست بوبێتەوە وە تاسێکی سەیر بردمیەوە، چونکە هەر تەمەنم مانگێك لە ١٦ ساڵیدا پتر بوو، کتێب و چەند بڵاوکراوەی دیموکراتی و چەپخوازو پێشکەوتنخوازم خوێندۆتەوەو لەپۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییدا مامۆستای وەك عبدالواحد نوری

مەشقی پێشکەوتنخوازیدا دابووم، وەبۆیە بووبووم بەئەندام لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا کەبەپارتیەکی دیموکرات‌و پێشکەوتنخوازو نوێنەری قازانجی زەحمەت کێشانی کوردستانم ئەزانی هەروەها بەهیچ کلۆجێك خەباتی چینایەتی‌و نەتەوایەتی کوردم لەیەکتری جیانەئەکردەوەو لام وابوو کەهەر زەحمەت کێشانی کوردستان بەجوتیارانەوە ئەتوانن مافە نەتەوایەتیەکانی کورد بەخەباتی شۆڕشگێرانە دەستەبەر بکەن، دڵنیا بووم لەوەی ئاغاو دەرەبەگ لەئاستێکی زۆر تەنگەبەرداو بەشێوەیەکی پچرپچر هەندێکیان بۆ دەسکەوتی چینایەتی خۆیان‌و هەندێکی تریان لەئەنجامی بەدوو کەوتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دوور لەقازانجی تایبەتی چیانەیەتی خۆیان، زۆر کەمیان بەشێوەیەکی جیاواز لەخەباتی رۆڵە زەحمەت کێشەکان دێنە کۆڕی خەباتی نەتەوایەتیەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە خەباتی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی خۆی لەخۆیدا پەردەی قۆناغێکی خەباتی چینایەتیەو هەنگاوێکی گرنگی قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیە ئەگەر بزووتنەوەیەك پشت بەئاغاو دەرەبەگ ببەستێت‌و پشت هەڵکات لەسۆشیالیستی‌و پێشکەوتن‌و دیموکراتی خوازی، ئەی ئیتر چ ئامانجێك بۆ نەتەوەکەی دێنێتە دی؟! ئەمە جگە لەوەی لەچ وڵات‌و لەنێو چ گەل‌و نەتەوەیەکدا چ بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی دیموکراتی‌خواز بەسەرۆکایەتی دەرەبەگ‌و ئاغاو بەپشتیوانی ئەمانە بەئاوات گەیشتووە؟! لەوەڵامی ئامۆژگاریەیە سەرسوڕێنەرەکەیدا وتم جەنابی مەلا مستەفا جەنابتان بەتەمەن لەئێمە نیازم لەکۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، گەورەترن‌و دنیاتان زیاتر دیووەو

شارەزاییەكی زیاترتان لەئێمەمانان هەیە بۆیە پێشنیار ئەكەم جەنابتان كەسەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستانن داوای كۆبونەوەی كۆمیتەی ناوەندی بكەن و ئەم باسانەیان بخەنە پێش چاو ئەگەر پەسەندیان كرد من بڕوام پێی هەبوو ئەو كاتە لەتەك لێپرسراوەكانیتری رۆژنامەی خەباتدا لەسەری ئەڕۆین و ئەگەر پێم باش نەبوو ئەوا من لائەكەوم و یەكێكی گونجاو لەتەك ئەم ئامۆژگاریانەدا دێتە جێگای من. جەنابی مەلا مستەفا لەوەلامدا بەگرژییەوە ووتی یەعنی (قیادەی جەماعی دەڵێیت) ووتم (بەڵێ) ئیتر هەر وەكو دانیشتنەكە كۆتایی هات و گەڕایەوە دیوەخانەكەی و ساردییەكی ئەوتۆش كەوتە نێوانمانەوە كەئیتر جارێكیتر دانیشتنی تایبەتی دوولایەنەمان نەكەوتەوە نێوان. مەلا مستەفای بارزانی هەروەك ئەوەی سەرەوەی كردبوو بەسەر مەشقی رێبازو بیرو باوەڕی خۆی، بەكردەوەش هەر ئەوەی ئەكرد كەخۆی بڕوای پێی هەبوو بیرو باوەڕو كردەوەی خۆی كێش و ئەرازووی كێشەی كوردو رەوتی سەركەوتنی كوردستان و نەخشە كێشی تاكتیكی رۆژانەو ساڵانەو بەبەردەوامی كاركردن و رەفتاری بوو.

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی ئەگێڕێتەوە لەكاتی گفتوگۆكردنی نێوان شۆڕشی كوردو حكومەتی عێراق دا لەساڵی ٦٩ لەرانیە ئەبن لەدانیشتنێكدا چەند رۆژنامەنووسێك بەدیدەنی و چاوپێكەوتنی مەلا مستەفا سەر لەرانیە ئەدەن چونكە ئەوسا ماوەیەك مەلا مستەفا لەرانیە دائەنیشێت تاكو بەئاسانی لێپرسراوانی دەوڵەت ببینێت، جارێكیان بەڕێز مام جەلال لای مەلا مستەفا ئەبێت رۆژنامەنووسێكی ئەڵمانیای دیموكرات بۆ دەنگوباسی گفتوگۆكردنی نێوان كوردو دەوڵەت ئەچێت بۆ لای مەلا مستەفا

لەکاتی دانیشتنندا مام جەلال ووتەکانی رۆژنامەنووسەکەو مەلا مستەفا بۆ یەکتری لەزبانەکانی خۆیانەوە وەرئەگێڕێتەوە سەر هەر کەسە زمانی خۆی، لەمەلا مستەفا وایە ئەو رۆژنامەنووسەی رۆژنامەیەکی بەریتانیایە ئەڵێت (جەلال پێی بڵێ ئەگەر بەریتانیا یارمەتیمان بدات کەسەرکەوتین نەوتی کەرکوک ئەدەینە بەریتانیا) مام جەلال ئەڵێت ئەزیەنی ئەم رۆژنامەنووسە ئەڵمانی دیموکراتە، خێرا مەلا مستەفا ئەڵێت (دەپێی بڵێ ئەگەر ئەڵمانیای دیموکرات یارمەتیمان بدات سۆشیالیستی لەعێراق دائەمەزرێنین!!).

خوا لێی خۆش بێت مەلا مستەفا لەکۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەتایبەتی لەکۆنگرەی پێنجدا داوای ئەوەی کرد کەئەندامانی کۆنگرە دوو رێگایان لەبەردایە ئەبێت رێگایەک هەڵبژێرن واتا رێگا بدەن بۆ خۆی بەناوی پارتیەوە کار بکات وەلەتەک عبدالکریم قاسم سەرۆک وەزیرانی ئەوسای عێراق چۆن رێک ئەکەوێت ئەبێت رازی بن وەناوی پارتی ئەکات بەپارتی عبدالکریم قاسم یاخود پارتی (اتحادو ترقی) وەیان هەر ناوێکی تر وەیاخود رێگای بدەن بۆخۆی سەربەخۆ جیا لەپارتی کاربکاتو هەر لایەک بۆخۆی.

نووسەری ئەم باسە لەکۆنگرەکە لەوەلامی ئەم داوایەدا ووتی (لەپێناوی ئەوەی هەر لایەک بەپێی بیرو باوەڕو بۆچوونی خۆیان رێگەی خەباتی سیاسی بگرنە بەر چاک وایە رێگا بدرێت بەمەلا مستەفا لەپارتی جودا ببێتەوەو سەربەخۆ بۆ خۆی کار بکات وەپارتیش هەر بەبراگەورەو دۆستو هاوکاری خۆی بزانێت) لەدەنگداندا تەنیا ١٢ ئەندامی کۆنگرە دەنگیان بۆ ئەم رایە دا؟.

وەدوای ئـەم ڕووداوە جـەنابی مـەلا مسـتەفا ووتبـووی کەنوسەری ئەم باسە ویستویەتی لەپارتی دەری بکات، چونکـە ئـەو ڕاسـتی دڵ و دەروونـی ئـەوە بـوو کـەکۆنگرە ڕازی بێت بـەوەی بەئـارەزووی خـۆی پارتی ببـات بـەڕێوە!!. ئەمـە جگـە لـەوەی لـەکۆنگرەدا ووتـی سـەرۆکی..........بم سـەرۆکی حـزب نـەبم وەلـەدەنگدان وتـی مـن تـەنیا سێ کـەس پەسـەند ئەکـەم خـاتوو نـاهیدەی شێخ سـەلام وە هاشـم عقـراوی وە اسمـاعیل عـارف هەرسێکیشیان دەرئـەچوون بەئـەندامی کۆمیتـەی نـاوەندی بـەڵام اسماعیل عارف بەپێی پەیڕەوی نـاوخۆی پارتی سێ ساڵ تێپـەڕی نـەکردبوو بەسـەر ئـەندامێتی لـەپارتی‌دا بۆیـە نەئـەبو ببێـت بەئەندامی کۆمیتەی نـاوەندی وەبـەڕێز نوری شـاوەیس هاوسـەری خـاتوو نـاهیدە نـەی ئەهێشـت نـاهیدە بـەم جێگایـە شـاد بێـت (سـەبارەت بەکۆمـەڵێ هۆی جۆراو جۆر!!!) وەهاشـم عـەقراوی‌ش دەسـتەگوڵ و ڕاپـۆرت نووسـی جـەنابی مـەلا مستەفا بەئـەندام هەڵبژێردراو لەکۆمیتەی ناوەندی‌دا ڕۆڵێکـی تێکدەرانـەی چەپـەڵی بۆ تێکدانی نێوان کۆمیتـەی نـاوەندی پـارتی‌و مـەلا مستەفا گێڕا، جگە لەبیرو بـاوەڕو بۆچونـی تـاک ڕەوانـەی جـەنابی مـەلا مستەفا چەند دەوڵەتێکی بیانیش داخ لەدڵ بوون لەپارتی‌و ڕێبازە نەتـەوە خوازییە دەستە چەپانەکـەی، بۆیـە بـەهۆی دەسـتکەلاکانیانەوە هەوڵی تێکدانی ئەم دوو لایەنەیان ئەدا، دەزگای شاهەنشای ئێران‌و هـەندێ دەزگـای ڕۆژئـاوایی لـەم بـوارەدا چالاکیـەکی ئاشـکرایان ئـەنوان. بۆ نمونـە ئەحمـەد تۆفیـق‌ی گومـان لێکـراو لـەکاتێکدا سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بـوو وەسـەبارەت بـەچالاکی تێکدەرانـەو گومانلێکراوانـەی سکرتێری پـارتی نـاوی

لێنابوو (ئەحمەد تۆپیوا!). مەلا مستەفای دژی پارتی بەوە هان ئەدا کەئەمریکاییەکان سەبارەت بەوەی لەسەرکردایەتی پارتی‌دا چەند کۆمۆنیستێك هەن وەك سکرتێری پارتی‌و حلمی علی شریف بەهیچ جۆرێك دەستی یارمەتی بۆ خۆی‌و شۆڕشەکەی درێژ ناکەن، ئەم رایەی بەناوی باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە لەلوبنان بەمەلا مستەفا راگەیاندبوو کەدوای کۆبونەوەیەك لەنێوان ئەحمەد تۆفیق‌و کاربەدەستێکی گەورەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلوبناندا دەربارەی ئەم باسە بەڕێز حەمید دەرویش سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سوریە کەلەو دانیشتنەدا تەرجومەی لەنێواندا کردووە، راپۆرتێکی لەکاتی خۆیدا نارد بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ئەمە چەند لاپەڕەیەکی تایبەتی ئەوێت وا چاکە دوا بخرێت بۆ باسێکی‌تر، ئەوەی راست بێت بۆ پێزو رونکردنەوەی بەراوردی نێوان (١٩٩٦-١٩٦٦) پێویستە ئەم کورتە رووداوانە بخەینە پێش چاوی خوێنەری بەڕێز دەنا خۆیان‌و چەند باسێکی‌تر کتێبێکی زۆر بەرگ گەورەیان گەرەکە.

لەساڵی ١٩٦٦دا جەنابی مەلا مستەفا رێکەوتننامە شەش خاڵی‌یەکەی لەژێر سەرناوی (مشروع المشاركه فى الحكم) پرۆژەی لەحکومدارانی‌دا بەشداربوونی مۆرکرد بێ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی یاخود هەر هیچ نەبێت مەکتەبی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەو باس کردن‌و نرخاندنی کۆبکاتەوە.

## پێویستە پرۆژەکە بڵاوبکرێتەوە

پرۆژەکە بریتی بوو لەوەی پێشمەرگە بڵاوەی لێبکاتو زەرەروزیانی خەڵکی لەلایەن حکومەتەوە بژمێردرێتو چەند وەزیرو پارێزگارو کارمەندانیتری دەوڵەت لەلایەن جەنابی مەلا مستەفاوە بخرێنە کارەوەو ئەفسەرو سەربازو پۆلیسو کارمەندانی دەرکراوو راکردووی کورد بەهۆی (حوادث الشمال)ەوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان. وەجەنابی مەلا مستەفا لەوەڵامی چەند دەم راستێکی کورددا کەلێی ئەپرسن چۆن متمانە بەحکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەو بڵاوەکردنی پێشمەرگە ئەکەیت، ئەڵێت (المؤمن مؤتمن) واتە عبدالسلام عارف سەرەك کۆماری ئەوسای عێراق (مونمنی مونتەمنە)ئیتر ئەم خاسیەتە بەرزەی عبدالسلام عارفە پاراستنی خەڵکی کوردستانو ئەم چەمکە خاڵانەی کەکاری تێکچووی کوردستانیان ئەگێڕایەوە دۆخی جارانی خۆیان، دەستەبەر ئەکات لەوەڵامو هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەم رێکەوتنە سکرتێری پارتی ئەو کاتە بەڕێز ابراهیم احمد روونکردنەوەو پەرچ دانەوەیەکی بەزبانی عەرەبی لەژێر سەرناوی (اصلح ام استسلام)دا بڵاو کردەوە کەدەقەکەی بووە بەپاشبەندی ئەم باسە، راستیەکەی سەرەڕای راستو دروستی ناوەڕۆکەکەی نەئەبوو سکرتێری پارتی، ئەو هەڵەیەی جەنابی مەلا مستەفا دووبارە بکاتەوە بەڵکو پێویست بوو هەموو کۆمیتەی ناوەندی بۆ لێکۆڵینەوەو ئرخاندنی ئەم هەنگاوەو هەڵوێستەی مەلا مستەفای کۆبکردایەوەو ئوباڵی هەر کارو کردەوەیەك کەبۆ پەرچ دانەوەی

ئەم کارە ئەگرا بخرایە ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندی وەئەگەر پێویستی بکردایە تەنانەت کۆنفرانس یاخود کۆنگریسی بۆ کۆبکرایەوە، داخی گران ئەمە ژیلەمۆی ناکۆکیو ململانێی نێوان کۆمیتەی ناوەندیو زۆربەی زۆری ئەندامانی پارتیو مەلامستەفای کرد بەئاگرێکی گەورەو سوتێنەر بوو بەچاوگەی شەڕی مەلا مستەفا دژی پارتی بەناوی سەرۆکی پارتییەوە، هەلێکی لەباریشی خستە دەست مەلا مستەفا ئیتر کار لەکار ترازاو وورده مەلا مستەفا کەوتە لەشکر کۆکردنەوەو پێشمەرگە لەپارتی هەلگێڕانەوەو ئەفسەرە راگردووەکانی ناو لەشکری کوردستان کرینو کەلك وەرگرتن لەماندوویەتی خەلکی بەدەست شۆڕشەوە. ئیتر بەگشتی شۆڕشو پێشمەرگەوخەلکی کوردستان بوون بەدوو پارچەوە، پارچەیەك بەم رێکەوتنامەیە رازی بوو، وەپارچەیەتر بڕوا بەدرێژە پەخەبات کردن. دیموکراتی خوازانو دەستە چەپو شۆڕشگێڕانی ماندووبوون نەزانو دەست بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گرتوو لەلایەك، دەستەراستانو هەوادارانی مەلا مستەفاو هەلبازانو ئەفسەرانی حەز بەخۆرزگارکردن لەکوێرەوەری شۆڕش لەلایەکیترەوە، جەنابی مەلا مستەفا پاش خۆکۆکردنەوەیەکی باشو دەستەبەرکردنی هێزێکی چەکدار لەکوردستاناو پەیداکردنی دۆستایەتی نێودەولەتی وەکو یەکێتی سۆڤیاتو میسرو دەولەتانیتری عەرەبیو بیانی، بۆ روالەت لەژێر چەکی بارزانیانی هەواداری خۆیدا داوای کۆبونەوەی کۆنگرەی پارتی کرد کەلەشارۆچکەی قەلادزێ بگیرێت بۆ نرخاندنی رێکەوتننامەکەو هەلبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێی پارتی، بێگومان ئەم کۆنگرەیە لەو کاتەدا لەکۆڕی دووبەرەکیو توندو

تیژی نێوان کۆمیتەی ناوەندیو زۆربەی ئەندامانی پارتیو مەلا مستەفاو لەشکرەکەی بۆ گرتنو کوشتنی ناحەزەکانیو هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بەرواڵەت هەڵبژێرراوی نوێی پارتی بوو، واتە بەزەبری لولە تفەنگ لەناوبردنی ناحەزانی ڕێکەوتننامەکەو سەپاندنی بەسەر خەڵکی کوردستانا لەهەلو مەرجێکی پڕ سەیرو سەمەرەو شانۆگەریەکی ئاشکرادا کۆنگرە گیراو کەسانێکی گاڵتەجاڕی چونە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دروستکراوی دیموکراتی کوردستانەوە. بەمەلا مستەفای دوژمن بەپارتایەتیو جنێو بەپارتیو پارتی خوازی، چەکێکی (مەشروعی) خستە دەست خۆی، دژی دوژمنانی ڕێکەوتننامەکە چ لەریزی پارتی یاخود لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ئیتر پەردەی دووەم هاتە کایەوە کەپەلاماری چەکدارانەی بارەگای مەکتەبی سیاسیو هەموو بارەگاکانی پارتی لەبەشەکانی دوورە دەستی مەلا مستەفا بوو. جوابی نارد بۆ مەکتەبی سیاسی کەسەردانیان ئەکات بەڵام سەردانێکی مەرگهێنەر!!

مەکتەبی سیاسیو هێزە چەکدارەکەی بەرگەی تەوژمی هێزی بارزانیو لەشکرە کۆکراوە هێرش بەرە پشت بەستووەکەی بەپارمەتیو هێزو پشتیوانی حکومەت نەگرت، لەبەر ئەوە بەناچاری خۆیان کرد بەدیوی ئەو دیودا تەنانەت مناڵە وردکەو هەرزەکارانی سلێمانی بەشەقامو کۆڵانەکانی شاری سلێمانیدا ئەگەڕان بەدەم گۆرانییەوە ئەیانووت (لەترسانو لەبرسان بارزانی بوو بەفرسان!!).

لەخۆشی ئەم بەسەر هاتە ئالەبارە برا کوڕێیە متسریفی ئەوسای سلێمانی حاجی محمود عبدالرزاق بروسکەیەك بۆ بەغدا

ڕێـدات و ئاگاداری حکومـەت دەکـات کـەخودا پیلانـەکانی سـەر خستووەو شەڕ کەوتۆتە نێوان مەلا مستەفاو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خۆ بەخۆی یەکتری کەوتونەتە شەڕەوە، مەلا مستەفا وەنەبێ بەمەش دەستی لەمەکتەبی سیاسی و هێزەکە هەلگرتبێت بەلکو کۆبونەوەیەکی لەتەك کاربەدەستانی گەورەی ئێرانی شاهەنشاهی‌دا کرد کەئەگەر ئەم هێزە لەسەر سنوور دوور نەخرێتەوە ئەوا شەڕ ئەخاتە دیوی ئێرانەوە، ئەمە جگە لەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەتەك حکومەتی شاهەنشاهی‌دا هەیبوو، وەبەدەستەوەدانی سکرتێری ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهیدی خوالێخۆش بوو (سلێمانی موعینی) دوای کوشتنی بەساواکی ئێرانی و هەڵواسینی لەشاری مەهابادا بەمردوویی بەلگەیەکی ئەم راستییەیە، ئەم دوو هۆیە حکومەتی ئێرانی خستە ئەو ئاستەوە کەدژ بەهەموو یاسایەکی پەنابەرانەو رەوشتی مامەڵەکردن لەتەك پەنابەراندا ئەم هێزە دوور بخاتەوەو وەکو دەست بەسەر لەهەمەدان مامەڵەیان لەتەکدا بکات، نزیکەی ساڵێك ئەم هێزەو سەرکردەکانی سیاسی و پێشمەرگەیی وەك دەست بەسەرو لەژێربارو زروفێکی نالەباردا لەهەمەدان ژیانیان بردە سەر جگە لەسێ کەس کەلەتاران بەتەمای ئەوەی کەبەنهێنی بگەڕێنەوە عێراق هێنرانەوە کەئەوانیش دەزگاکانی شا بەفرۆفێڵ بردنی بۆ تاران، سکرتێری پارتی وەکو بارمتە لەتاران دانرا وەدوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەتاران دەستی دەستیان پێئەکرا گوایە (شناسنامەی) تایبەتیان بۆ رێك دەخەن و رێگای گەڕانەوەیان بۆ ساز دەکەن تا لەئەنجام دا کەزانیان ئەگەر بارمەتی گەڕانەوەیان نەدەن خۆیان تاران بەنهێنی بەجێ دەهێڵن و روو

ئەکەنەوە کوردستانی عێراق بۆ درێژە دان بەخەباتی پارتایەتی، بەرێگایەکی تایبەتی بەهۆی کوردێکەوە کەبەڵێنی یارمەتی دابوو پێیان کاربەدەستانی شا لەنیازی ئەم دوو کەسە ئاگاداربوون کەئارەزووی گەڕانەوەی کوردستان ئەکەن‌و پەنا ئەبەنە بەر دەسەڵاتی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیازە، ئیتر جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێران کۆبونەوەیەکی لەتەك ئەو سێ کەسەی دانیشتووی تاران دا کردو پێی ڕاگەیاندن کەبەڵێنیان داوە بەمەلا مستەفای بارزانی ئەهێڵن ئەو سێ کەسەو ئەوانەی هەمەدانیش لەجێگای خۆیان بجوڵێن، وەنابێ هیچ ئازاوەو گیرو گرفتێك لەدیوی عێراق بۆ مەلا مستەفا بنێنەوە!! هەروەها ووتی (حکومەتی ئێران ناوو ناتۆرەی زۆر کۆنی بەدواوەیە کەپەیمان ئەشکێنێ لەتەك خۆ بەدەستەوە دەران‌و پەنابەرانا کردووە، مەیەڵن کردەوەیەکی لەم جۆرە دژی ئێوە نوێ ببێتەوە) واتە هەر جوڵەیەکی سەربەخۆ بکرێت گرتن‌و کوشتنی لەدوا دەبێت!!!

بەم جۆرە جەنابی مەلا مستەفا بوو بەتاکە سوارەی مەیدانی شۆڕش‌و سەرکردایەتی کورد، ئەو ئاواتەی لەکۆنگرەی پێنجەمدا بەتەمای بوو هاتە دی، دوای ئەوەی لەئەنجامی نائومێدی خەڵك لەحکومەتی عێراق‌و ڕێکەوتننامەکەی نێوان مەلا مستەفاو عبدالسلام عارف‌و پیلان گێڕانی حکومەتی عێراق دژی کورد و بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا دووچاری پاڵەپەستۆیەکی قورسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، وەناڕەزایی تەنانەت شانی ئەوانیشی گرتەوە کەلەیەکەم جاردا بەگەرمی پشتیوانیان ئەکرد، وەلەلایەکی تر سەرەڕای ئەو بەشەی دوور کەوتبووەوە لە وواڵات هێشتا ڕێکخستنێکی چاك لەکوردستانی عێراق دا لەلایەن

ڕێکخراوانی سەر بەمەکتەبی سیاسی پارتی درێژەی بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی پارتایەتی شۆڕشگێڕانە ئەدا نەخشەی پاشەکشەی بەدەستەوەدانی لەمەلا مستەفا تێك ئەدا بۆیە دەزگاکانی مەلا مستەفا چەندە دەسەلاتیان هەبوایە بەکوشتن مامەڵەیان لەتەکدا ئەکردن، ئەمانەو گەلێك هۆیتری ناوخۆو دەرەوەی کوردستان بوون بەمایەی ناکۆکی یەکی توندو تیژ لەنێوان جەنابی مەلا مستەفاو پارتییە دروستکراوەکەی کەلەلایەك (المؤمن المؤتمن) عبدالسلام محمد عارف و دەزگا دەوڵەتی یەکەیدا لەلایەکیترەوە تاکو ئەو ناکۆکی یە توندو تیژە بوو بەدوو بەرەکی یەکی چەکدارانەو شەڕی کوردستان سەر لەنوێ هاتە کایەوە بەلام مەلا مستەفا سەبارەت بەسیاسەتی پێشووی کەپێشمەرگەکانی وولات بلاوەی لێبکەن و بگەڕێنەوە مالی خۆتان و لاوازی ڕێکخستنی سیاسی و سەربازی و دەست خستنە ناو کاروباری شۆڕشی کوردستانەوە لەلایەن دەوڵەتە بیانی یە چاو لەکوردستان بڕیوەکانەوە. سەبارەت بەم کارانە ووردە ووردە هێزەکانی مەلا مستەفا ناوچەکانی کوردستانیان چۆل ئەکردو پێشمەرگەکانی وەك جاران گوڕی ئازایەتی و جوامێری جارانیان بەدەستەوە نەمابوو، ئەوە بوو کەلەشکری عێراق ناوچەی پێنجوێنی گرت سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق عبدالسلام خۆی چوو بۆ پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەی سوپای عێراق بەسەر هێزەکانی مەلا مستەفاداو بەڵێنیدا بەخەڵکی عێراق کەلەماوەیەکی کەمدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەموو ناوچەو کوچەیەکدا تەفرو تونا ئەکات، هەروەها فەرمووی کەکورد عەرەب و عەشیرەتە عەرەبەکان لەم ناوچە شاخاویانە ناوەکانیان گۆڕاوە وەکو (عشيرة المضر)ی

بووه بەعەشیرەتی مزوری!!! خەڵکی کوردستان و پیاوە شارەزاو ناودارەکانی ئەیانزانی کەپارتی و لەشکرەکەی (نیاز لەپارتیە راستەقینەکەیە دەنا مەلا مستەفاش پارتی هەر هەبوو) مەشخەڵی رووناک کەرەوەی ڕێگای رزگاری کوردستان و چاوگەی راستەقینەی خەباتی سیاسی و سەربازین.

بۆیە تەنگیان بەمەلا مستەفا هەڵچنی کەئەبی ئەو کۆمەڵەی لەئێران دەستێ بەسەرن وەهەموو ئەوانەی لەترسی گرتن و کوشتنی دەزگاکانی مەلا مستەفا شانیان داوەتە بەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی نهێنی ئاشت بکرێنەوەو ڕێگەیان بدرێت تێکەڵی خەباتی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانەی سیاسی بەئاشکرا ببن و جێگا دەستیان لەسەرجەم خەباتی رەوای خەڵکی کوردستاندا دیار بێت، لەئەنجامی ئەم هەل‌ومەرجە نوێیە مەلا مستەفا دووجار نوێنەری خۆی نارده لای سەرکردەکانی بەرەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی پێشووی پارتی کەبگەڕێنەوە کوردستان و وەکو پێشوو پێکەوە خەبات بکەن لەپێناوی وەدی هێنانی مافە رەواکانی کوردو کوردستانا، وەمەلا مستەفا لەبەسەرهاتەکانی پێشوو دەربارەی خۆی بردووەوە لاپەڕەیەکی نوێ ئەخاتە سەر پشت. ئەم هەڤاڵانە ئەم هەل و مەرجە نوێیەیان پەسەند کردو بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ خەباتی ناوکۆیی نێوان خۆیان و هێزەکانی مەلا مستەفاداو وەداوایان لەدەزگاکانی حکومەتی ئێران کرد کەبواریان بدات بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق، بەم پێیە هێزی چەکدار بەسەرۆکایەتی بەڕێز کەمال موفتی گەڕایەوە کوردستان هەر دەست و برد مەلا مستەفا رەوانەی ناوچەی هیران و نازەنینی کردن چونکە وەك هەموو ناوچەکانی تری شەڕ ئەو ناوچەیەش بەدەست

هێزە هێرش بەرەکانی حکومەتی عێراقەوە شپرزە بوون، لەشەڕێکی رووبەڕووی دلێرانەدا هێرشی هێزەکانی میریان راگرت‌و بەرەو پاشەوە پاڵیان پێوەنان‌و خۆشیان خستە دڵی مەلا مستەفای بارزانی‌یەوە، بەڵام دەربارەی هەندێ لەسەرکردەکانی پارتی، مەلا مستەفا هەر ئەوەندەی گەڕانەوە ناوچەی حاجی هۆمەران فەرمانی دا کەهەموو چەك بکرێن وەلەهەموو کەرەسەیەکی جەنگی‌و بێ‌سیم‌و گەل‌وپەل‌تر تەنانەت دەمانچەش بێ بەش بکرێن‌و ئەوەی پێیانە لێیان بسەندرێت، جارێ ئەمە مژدانەو سەرفەلەمانەی گەڕانەوەیان بۆ خاکی کوردستانی عێراق بوو، ئینجا بێ ئەوەی چاوی پێیان بکەوێت فەرمانی‌دا رەوانەی لای عەباس مەمەند ئاغا بکرێن لەناوچەی ئاکۆیان تاکو خۆی بەسەردان روو لەو ناوچەیە ئەکات‌و ئەوسا چاوی پێیان ئەکەوێت، ئەمەش بەخەیاڵی خۆی‌بەشێکی‌تری یاخود پەردەیەکی تری شانۆگەری‌یەکە بوو کەبەهیچ زانینی ئەم هەڤاڵانەی لای مەلا مستەفا ئەنوان. دەی کورد ئەڵێت کەڕیش بوو بەتوشەوە ئەبێ شانەی بۆ هەڵبگریت ئەم هەڤاڵانە علی عەسکەری‌و نوری شاوەیس‌و علی عبداللەو نوری احمد تەهاو جەلال تاڵەبانی‌و عمر مستەفاو حلمی علی شریف ناوچەی پڵنگانی سەر بەعەباس ئاغای مەمەند ئاغایان بۆ نیشتەجێ بوون بۆ دانرا، تا جەنابی مەلا مستەفای بارزانی نەشریف ئەهێنێت بۆ ناوچەکەو چاوی پێیان ئەکەوێت‌و چارەنووسیان دەست نیشان ئەکات، ئەوی راست بێت هەر لەسەرەتاوە تا لەتەك مەلا مستەفادا لەیەکتری ترازان عەباس ئاغا هەزار رەحمەتی خودای لێبێت پیاوانەو جوامێرانە هەرچەندە دەست بەسەری‌و زامن کردنی ئەمانەی پێ‌سپێردرابوو لەتەکیاندا

ئەجوڵایـەوەو رەفتـاری بـەرزی میوانداریێتـی عەشـایەریانەی لەتەکیاندا خستبووە ئەو پەڕی کارەوە دەی ئـەو ماوەیـەش بەسـەر چوو تـا جـەنابی مـەلا مستەفا بـەبارو بارخانـەو لەشـکرەوە رووی کـردە ناوچەکـەو لـەدێری بـوو بـەمیوانی عـەباس ئاغـا، لـەدواییدا ئاشکرا بوو کەنیازی بینینی چەند کاربەدەستێکی گەورەی ئێرانی هەیە لەبایاوەی ئەو دیوی پێنجوێنەوە. گەیشتە ناوچەکەو لـەپاش ماوەیەکی کەم داوای کۆبونەوەی لەتەك ئەم ناوانەدا کـرد، شـەوێك لەپەنا ئەشـکەوتێك دانیشـتنەکە لـەدوای چـاوەڕوانکردنێکی زۆر وەکو لەسـەرەوە باس کـراوە پێك هـات، ئـەوەی شایانی باسـە ئـەم هەڤاڵانە بەعەباس ئاغایان وتبوو کەبەمەلا مستەفا بڵێت جنێویان پێ نـەدات چونکـە وەڵامـی جنێوەکـەی ئەدەنـەوەو بێگومـان ئـەو چـەکدارەو ئـەمان بێچـەکن ئـەیان کوژێـت خـۆ ئەگـەر نیـازی کوشتنیشیانی هەیـە دانیشـتن پێویسـت ناکـات!! دوای دانیشـتن‌و هـەندێ قسـەی سـەرپێیی ووتـی (سـەداقەت‌و شـەرافەتی میللـەتی کورد ئەوە نەبوو ئێـوە ئەمـەتان لەگـەڵ منـدا کـرد!!) بەهـەر حـاڵ وەڵامـی ئـەم فەرمایشـەی لـەپێناوی شۆڕشـی کـوردا ئەدرایـەوەو ئەمەش لەچاو جنێو فرۆشی مەلا مستەفادا خوێی چێشت بوو!!. دەی دەرگای باس خرایە سەر پشت، ووتی (بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ منـدابـن پێویسـتە بەیاننامەیـەك بـڵاو بکەنـەوەو بڵێـن ئێمـە خیانەتمان کردووە!!!) سێ هـەڤاڵ وەڵامیـان دایـەوە، خـوا لێخۆش بوو نوری شاوەیس ووتی (ئەزبـەنی ئەگـەر ئێمـە بـەخۆمان بڵێین خائین ئیـتر ئەبەکـەڵکی تـۆ دێـین‌و ئەبەکـەڵکی کورد لەبـەر ئـەوە هـەر دەپەنجەکـەم بـبڕیت بەیاننامـەی وا دەرناکـەم، ئینجـا ووتی(ئەزبەنی ئەمـە مەنساتە) مـەلا مستەفا ووتـی (نـوری ئەمـە

مەهزەلەیەا!) وتی (نەخێر نالێم مەهزەلەیە ئەلێم مەئسات) ئینجا یادی بەخێر نالێم خوا لێخۆشبوو چونکە هەر لەناوماندایە شەهید علی عەسکەری ووتی (مەلا مستەفا شەرت بێ لەمەولا نەك هەر نالێم کوردم بەڵکو تەبەراش لەحەقایەتی ئەکەم) سەبارەت بەوەی ئەم قارەمانە کوڕی شێخەکانی مەزهەبی هەقە بوو، ئینجا مام جەلال ووتی (ئەزیەنی ئەگەر بەیاننامەیەکی وات بۆ دەربکەین ئیتر لێمان خۆش ئەبیت) لەوەڵامدا ووتی (مومکینە) مام جەلال ووتی (مومکینە خۆشیش نەبیت) مەلا مستەفا ووتی (بەڵێ) مام جەلال ووتی کەواتە دەرکردنی بەیاننامەیەکیوا بۆچی باشە!! لەنێو ئەم جۆرە ووتو وێژە پرسەرگەردانییەدا بۆ رزگارکردنی ئەم هەڵوێستە پڕ مەینەتییەو پاشگەز بوونەوەی مەلا مستەفا لەلێبوردنەکەی خۆی بۆ رزگارکردنی ئەم حاڵە لەتێکچوون مام جەلال ووتی (ئەزبەنی چارەسەرێکیتر هەیە رێگەمان بدە ئەگەڕێینەوە ئەو ناوچانەی حکومەت داگیری کردونەتەوە بەمەرجێك یەك پێشمەرگەی ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی تۆ لای خۆمان قبوڵ نەکەین ئەگەر هەر ناوچەیەکمان رزگار کرد ئەیخەینەوە ژێر دەسەڵاتو سەرکردایەتی تۆوە، ئەگەر ژێر کەوتینو کوژراین ئەوا رزگارت ئەبێ لەدەستمان!!) لەوەڵامدا ووتی (یەعنی ئەتانەوێ ببن بەجەنەراڵ!) لەئەنجامدا ووتی من پێتان ئەڵێم (هەتا ئەچم بۆ باپاوەو دێمەوە ئەگەر بەیاننامەیەك بڵاو نەکەنەوە تێچوونی تێدایە!!) ئیتر دوای ئەوە ووتی (ئیبراهیم نەهاتەوە، بۆ نەهاتەوە) مام جەلال وەڵامی دایەوە ووتی (منداڵەکانی لەقوتابخانە ئەخوێنن و نزیکە ئیمتحانە، کەی ئیمتحانەکەیان تەواو بوو ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ خزمەت

جەنابت) ئینجا ووتی (لەخەوما {خوا لێی‌خۆش بێ خەوی شاخداری زۆر ئەبینی} ئیبراهیمم دی ببو بەپیرەژنێك‌و ملوانکەیەکی لەملدا بوو ووتم ئیبراهیم بۆ چی وات لێ‌هاتووە ووتی مەلا مستەفا چی بکەم نازانم) ئینجا ووتی (ئیبراهیم بەکاری شۆڕش‌و پارتی چوو بۆ ئەوروپا کەدۆست بۆ شۆڕشەکەمان پەیدا بکات‌و کەڵکێکی بێ بگەینن، کەچی هاتەوە لێم پرسی ابراهیم چیت بۆ کورد کرد، ووتی مەلا مستەفا فەرەنسا زۆر گرانی‌یە لەفەرەنسا هێلکەیەك بە٧٥٠ فلسە. ئەوسا هێلکەیەکی لای خۆمان بە١٠ فلس بوو، ئەم قسەیەی کردبوو بەبنێشتە خۆشەی زێر دانی‌لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا ئەمەی بۆ خەڵك ئەگێڕایەوە، بۆیە پێش ئەم دانیشتنە ئەم باسەمان لەمامۆستا ابراهیم پرسی بوو. حلمی علی شریف وەڵامی مەلا مستەفای دایەوەو ووتی ((قوربان لەکاك ابراهیمان پرسی ووتی (راستیەکەی ئەم پرسیارەی لەناو دانیشتنێکی گەورەدا کەخەڵکێکی هەمەرەنگی تێدا بوو لێ کردم پێم ووت (ئەزبەنی ئەوروپا زۆر گرانی‌یە بەرچایەك ٢ دیناری تێدەچێت خۆنابێ نهێنی چالاکیەکانی خۆمان لەتەك دۆستانی دەرەوەو ئەوروپایی‌دا لەناو خەڵکی هەمەڕەنگدا ئاشکرا بکەین بەڵام دوای ئەوەی خۆمان بەتەنیاماینەوە چیم دیبوو کردبوو وەهەڵوێستی ئەو لایەنەی چاوم پێیان کەوتبوو یاخود بەهەر شێوەیەك لێیان تێگەیشتبووم بۆ گێڕایەوە)) هەر حلمی علی شریف ئەوەی بێ ووت کەچاوەڕوانی وەڵامی وای نەئەکرد تاسێك بردییەوەو رووی لێوەرگێڕاو زۆری پێ نەچوو بەهەڕەشەوە دانیشتنەکەی کۆتایی پێهێنا بەچاوەروانکردنی جێبەجێ کردنی داوا سەرسوڕهێنەرەکەی!! لەدوا دانیشتنەکەو کۆبونەوەی

خۆبەخۆیی خۆمان مام جەلال بەحلمی علی شریفی ووت ( مالْت نەشێوێت ئەوە چیت بەمەلا مستەفا ووت ئەوە مانای بەدرۆخستنەوەیەتی لەسەر قسەکەی ڕۆیشتو ووتی وتم ئێستا دەمانچەیەکمان لێدەرنەهێنیو هەموومان دەکوژێت!! دوای ئەمە مەلا مستەفا نیوە شەوێك ناوچەکەو ئەم هەڤالانەشی بەجێ هێشتو ڕوی کردە پێنجوێن کەلەوێوە بچێت بۆ بایاوەو لێپرسراوێکی گەورەی ئێران ببینێت، ئەم هەڤالانە کەوتنە بیرکردنەوەو ڕێگا دۆزینەوە لەناو خۆیاندا و لەتەك عەباس ئاغای مەند ئاغاش دا چونکە بەمتمانەو سەرپەرشتی ئەو لەو جێگایە ژیانیان بەسەر ئەبرد.

لەگەلْ جێگاوە کەمەلا مستەفا باسی ئەم هەڤالانەی کردبوو هەوالْ هات بەهەموو حالێكو لەژێر سێبەری هەموو هەلْو مەرجێکدا ئەم هەڤالانە دەکوژێت، بەتایبەتی ئەم ناوبراوانی خوارەوە لەخودا لێخۆش بوو شێخ لەتیفی شێخ مەحمود، بەتایبەتی یەکێکی نارد کەئەم هەڤالانە تێبگەیەنێت مەلا مستەفا ئەیانکوژێت. بەڕێز مستەفا قەرەداغی کەئەوسا سەرۆکی (مجلس تنفیذي) لای مەلا مستەفا بوو بەعمر میراودا بەمام جەلالی ڕاگەیاندبوو کەمەلا مستەفا پێی ووتووە کەئەمانە ئەکوژێتن وەعمر میراو ئەم هەوالە بەکاك حبیب؛ محمد کریم کەئەوسا سکرتێری پارتی مەلا مستەفا بوو ئەگەیەنێتو ئەویش بەمەلا مستەفا ئەلێت، مەلا مستەفا ڕائەسپێرێت بەناوی ڕاوەوە مستەفا قەرەداغی دور بخەنەوە تاپڕێکی پێوە بنێنو بیکوژنو بلێن تفەنگ لەدەستیان دەرچووە. بەلام مستەفا قەرەداغی لەشی ساچمە بێز ئەبێتو نامرێت. لەبەغدا خۆی بۆی گێڕاینەوە ووتی

(دوای ئەو بەسەر هاتە بەمەلا مستەفام ووت ئەزیەنی ڕێگام بدە بچم بۆ دەرەوەی وولات هەندێ ساچمە لەلەشمدا ماوە تاکو بۆم دەربهێنن) کاك مستەفا ووتی لەوەڵامدا مەلا مستەفای بارزانی پێی ووتم (مستەفا تۆ ناوت مستەفایەو منیش ناوم مستەفایە هەردووکمان عەقڵی چۆلەکەیەکمان نییە!!) دوای ئەمە لەچاوپێکەوتنێکدا لەنێوان مەلا مستەفاو خوالێخۆش بوو مەجید ڕۆستەمی چەرمەگایی، بەویشی ووتبوو ئەیان کوژم ئیتر بەپەلە جوابی ناردبوو بۆ ئەم هەڤاڵانە ئاگاداری خۆیان بن، ئەم جوامێرانەو چەند کەسێکی تر ئەم هەڕەشە (پیرۆزەیان!!) لەمەلا مستەفا بیستبوو، ئەوەندەی پێنەچوو خودا لەگوناهی خۆش بێت ئیدریس بارزانی بەدە بارزانی‌دا دوو نامەی نارد بۆ ئاکۆیان یەکێکیان بۆ هەڤاڵان مام جەلال‌و حلمی علی شریف‌و ئەوی تریان بۆ خوالێخۆش بوو عەباس ئاغای مەمەند ئاغا، نامەی یەکەم دوای سڵاو و ڕێز ئەڵێت باوکم ئەمری کردووەو ئەڵێت (مەسڵەحەت وایە هەردووکتان لەقەسرو ماکوسان لەناوچەی باڵەك دابنیشن!!) لەنامەی دوەمدا داوا لەعەباس ئاغا ئەکات کەیارمەتی ناردنی ئەم دوو کەسە بۆ قەسرو ماکوسان بدات، یەکێك لەبارزانی‌یەکان ئەندامی پارتی بوو بەمام جەلال ئەڵێت (پێمان ووتراوە لەڕێگا ئەتان کوژین‌و ئەڵێین رایان کردووەو تەقەمان لێکردوون‌و کوژراون).

ئەوەی پێویستی باس کردنەو پێوەندییەکی توندی بەباسەکەوە هەیە لەنێوانی هاتنی جەنابی مەلا مستەفا بۆ نۆزی‌و دێرکای ئاکۆیان خوالێخۆش بوو عەباس ئاغاو عبداللە ئاغای برای هاتنی ئەم نامەیە بۆ ئەم دوو هەڤاڵە لەیەکێ لەلێپرسراوەکانی

ڕێکخستنی پارتی سەر بەمەکتەبی سیاسی لەبەغدا هەواڵێکمان بۆ هات ئەڵێت ((بەڕێز جیرۆك نووس خواڵێخۆشبوو محمد مەولود پەیوەندی پێ کردین ئەڵێت (وەزیری داخلیەی ئەوسا خواڵێخۆشبوو عقید عبداللطیف الدراجي پێی ووتوە پێوەندیمان لەگەڵدا بکات هەر وەکو لەتەك مەلا مستەفاشدا کردوویانە بۆ ووتووێژکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەعێراق)) وەڵامی درایەوە کەمەکتەبی سیاسی بەهەموو ڕێکەوتنێك لەتەك مەلا مستەفادا رازیەو بەو مەرجەی لەسەر حسابی ئەم لایەنەو بۆ فەوتانی نەبێت وەلەوەبەتر پێویست بەهیچ ووتووێژێك لەتەك مەکتەبی سیاسیدا ناکات، واتە مەکتەبی سیاسی بەووتووێژی یەك لایەنە لەتەك مەلا مستەفادا رازیە هەر دوای ئەمە بەچەند رۆژێك خواڵێخۆشبوو حەمید عوسمان کەئاموشۆی نێوان حکومەت و مەلا مستەفای ئەکرد قسەی سەر بەدەزگاکانی حکومەتیشی بەدوواوە بوو، لەبەغدا هاتەوەو سەری عەباس ئاغای داو ئەو ناوبراوانەشی هەر لەوێ دی ووتی (ووتووێژ لەنێوان حکومەت و مەلا مستەفادا هەیە بەنێوەشیان ووتوە بەڵام ئێوە ئەم وتووێژەتان وەکو لەلایەن حکومەتەوە پێیان ووتم داوەتە دەست مەلا مستەفا) مام جەلال زۆری لێی پاڕایەوە ووتی ئەمە بۆ مەلا مستەفا مەگێڕەوە چونکە بزانێت حکومەت ئێمە بەشت ئەزانێت و ئەمان خوێنێتەوە بۆ ئەوەی هەر خۆی لەیەك لایەنە بمێنێتەوە ئەمان کوژێت بەڵام داخی گران خواڵێخۆشبوو ئەم هەواڵەی توندوتۆڵ لەپرپاسکەکەیدا گرێ دابوو کەمەلا مستەفای دیبوو لەتەك باسەکانی‌تری نێوان حکومەت و مەلا مستەفادا ئەمەشی بۆ گێڕابووەوە ئیتر بەم کارەی حەمید عوسمان ئەوەندەی‌تر ئاگری

دڵودەرروونی مەلا مستەفای دژ بەم هەڤاڵانە خۆشتر کردو ڤینی توندترو بڕیاری هەوڵدان بۆ لەناوبردنیانی جێگیرو مسۆگەرتر کرد. گومانیش نییە لەوەدا کەچاوساغانی مەلا مستەفاو خێر خواهانیو بەناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی پارتییەکەی مەلا مستەفاو هەڵبازانو مشەخۆران دەستێکی باشیان هەبووبێت لەتیژکردنی مەلا مستەفاو هەردوو کوڕە لەپێشەکەی خواڵخۆشبووا ئیدریسو کاک مەسعودی دژی بەرەی مەکتەبی سیاسی پارتی راستەقینە، ئیتر بەم کارانە بڕیاری لەناوبردن کەوتە گۆڕی جێبەجێکردنەوە لەبەر ئەوە ئەبوو یان بەپەتی قەنارەی مەلا مستەفا رازی بن وەیاخود ناوچە بەجێبهێڵنو بکەونەوە خەباتی نهێنی، پێش هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو رێگایە کەجەنابی مەلا مستەفا دوو چاری دووڕیانێکی کردبوونو بەس! کۆبونەوەیەك لەتەك عەباس ئاغادا کرا ئەوەکا سەبارەت بەوەی پاراستنی ئەمانە لەدۆڵە رەقەی ناوچەی ئاکۆیان بەم پیاوە سپێرابوو وەمتمانەی مانەوەیان بەمەلا مستەفا دابوو، رۆیشتنو خۆ رزگارکردن لەکوشتن بەسپڵەییو ناجوامێرێتی لەقەڵەم بدات!.

پێیان ووت تۆ چ رێگایەك بۆ ئەم بارە نالەبارە دائەنێیتو وەئەگەر ئێمە ناوچەکە بەجێبهێڵین لێمان زویر نابێت، لەوەڵامدا ووتی (پێش هەموو شتێك چەند جارێك مەلا مستەفا لای من ووتویەتی کەلەناوتان ئەبات وەمەلا مستەفا کەقسەیەکی کرد لەقسەی خۆی نایەتە دواوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکیترەوە من وەکو کوردێکو سەرۆك عەشیرەتێك زۆر بەنەنگی ئەزانم ئێوە بەدەستەوە بدەمو بکوژرێن وەئەم نەنگییە ئەبێت بەمۆر بەناوچەوانی خۆمو عەشیرەتەکەمەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

مۆڵەتم بدەن بەڵکو بتوانم چارەسەرێکی ئەم رووداوە نالەبارە بکەم و لەکوشتن رزگارتان بکەم) هەمووان ئەم بۆچوونە جوامێرانەیەی عەباس ئاغایان پەسەند کرد، خواڵێخۆشبوو عەباس ئاغا بروسکەیەکی بەبێ‌سیم بۆ مەلا مستەفا لێدەدا ئەڵێت (ئیدریس بارزانی ناردویەتی بەشوێن مام جەلال و حلمی علی شریف دا کەبچن بۆ قەسروماکۆسان، من تکام وایە کەئەمانە هەمووی کوڕی خۆتن مۆڵەتیان بدەیت جارێ لێرە بمێننەوە تاخۆتان تەشریف دەهێننەوە ناوچەکەو یاخود حاجی هۆمەران، ئەوسا چیتان پێ باشە فەرمانێکتان هەبێت ئامادەن جێبەجێ بکەن وەمن متمانەی ئەوەتان ئەدەمێ) هەر زوو وەڵامەکەی هاتەوە، مەلا مستەفا ئەڵێت (خۆم بەئیدریسم ووتوە بەوڵاخ و پێویستی تر یارمەتیان بدە زوو بچنە قەسروماکۆسان). وەڵامی ئەم بروسکەیە خۆشبەختانە ئێوارەی ئەو رۆژە گەڕایەوە عەباس ئاغا وێنەیەکی بروسکەکەی دابەم دووانەو وێنەیەکی بەدە بارزانی‌یەکە بۆ کوشتنیان نێردرابوون. بەڵام بارزانی‌یەکان لەدێیەک و ئەمان لەدێیەکی‌تربوون، کەبەپێ نیو سەعاتە رێگایەک ئەبوو، ئیتر عەباس ئاغا ووتی من هەر ئەوەندەم لەسەرە یارمەتیتان بدەم بڕۆن، لێرەدا مەکتەبی سیاسی بوو بەدوو بەشەوە علی عەسکەری شەهیدو عومەر دەبابەی خواڵێخۆش بوو ووتیان ئێمە لەتەک بڕیاری ئێوەدا نابین، واتە مام جەلال و حلمی وەکارکردن لەتەک مەلا مستەفادا ئاشتی سارد کوتانە!! چونکە شەهید علی عەسکەری ماوەیەکی زۆر لەشۆڕشدا لەتەک مەلا مستەفادا بوو ئەو بەفەرمانی مەکتەبی سیاسی چوو لەسەر سنوری تورکیا هێنایەوە ناو کوردستانی عێراق ئەیووت هەر دائەنیشێت

جنێو بەئێوەو مەکتەبی سیاسی‌و پارتی‌و پارتایەتی ئەدات، وەڵامی ئەدەمەوە یا ئەم کوژێت یاخود ئەبێ بـەعاجزی بارەگاکەی بەجێ بـهێڵم وەڵامـی نادەمـەوە مێشـکم ئەتـەقێ، بۆیـە کـاتی خـۆی لەکۆبونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا باخی بوو لەوەی جارێکی‌تر بڕواتە لای مەلا مستەفا.

بەڕێز علی عبدالله ووتـی ئێمـە ئەمێنینـەوەو کاری مەکتـەبی سیاسی بەنهێنی ئەکەین هەروەها خوالێخۆشبوو نوری شاوەیسیش بـەڵام نـوری شـاوەیس کەتیژکـەرو هـاندەری بـەرگری دژی مـەلا مستەفا بوو لەکاتی بڕیاردانیا بۆهێرش بۆ سـەر مەکتـەبی سیاسـی سەبارەت بەبەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی لەسەر ڕێکەوتننەکەی مـەلا مستـەفا لەتـەك عبدالسلام عـارفدا ئـەیوت ڕەشاشێك لەسـەر پردی قەشان بەدەستەوە ئەگرم تاکو دەبابە بەسەر سنگمدا ئەڕوات هەڵناسـم. دوای ئـەوەی بەفـەرمانی مـەلا مسـتەفا تەقـەیان لەناهیدەخانی شێخ سەلامی خێزانی کردبوو زامدار بوو بوو ئیتر وردی بـەردابوو هیـچ ‌بێزێکی پێنـەمابوو وەخوالێخۆشبوو نـوری ئەحمەد تەها بەنیوە ڕاست‌و نیوە گاڵتەوە ئەیووت (ئەگەر ئەتوانی کورد لەدەست مـەلا مستەفا ڕزگـار بکەن ئەگـەر نـاتوانی پـارتی ئەمەش ناتوانن کۆمیتەی ناوەندی‌و مەکتەبی سیاسی هەر ئەمانـە هیچتـان پـێ نـاکرێت مـن ڕزگـار بکەن‌و بەفەرمانێك بم نـێرن بـۆ دەرەوەی کـوردسـتان!!) بۆیـە ئـەڵێم نیـوەی ڕاسـت‌و نیـوەی گاڵتـە چونکە ئـەیزانی کەلەو کاتـەی ژیانمـان لەمۆڵەکـەدا بـوو ئـەمان ئەتوانی هیچ شتێك. لەو ئاواتانەی ئەو جێبەجێ بکەین، ئیتر لـەم هەل‌ومەرجـە ئێجگـار دژوارو بەدهەڵکەوتـەدا بەرامبـەر ئـەم هەڤاڵانـەی کـەپارتی‌و شۆڕشـیان پـەروەردە کـردو پێگـەیاندو

هەردووكیانیان خستە سەر پێی خۆی وەكو هێلكەیەكی پاكراو خستیانە بەردەستی مەلا مستەفا، لەبریتی چاكە دانەوەی كوێرەوەری دەیان ساڵو دەربەدەری و بەندی خانەو هەڕەشەی هەمیشەیی گیانو ماڵ جەنابی مەلا مستەفای بارزانی چەقۆیەكی قەسابی تیژی بۆ گرتبوون بەدەستەوە، وەك بەرخی دایەستەی پەروەردەكراوی خۆی سەریان ببڕێت. بۆیە هەڤاڵان علی عەسكەری و مام جەلال و عمر دەبابەو حلمی علی شریف هەر چواریان لەتەك نۆ پێشمەرگەی دەستەی خۆیاندا بەرەزامەندی عەباسی مەمەند ئاغا بێئەوەی هیچ پارمەتییەكی لێداوابكەن بریاری بەجێهێشتنی ناوچەكەیاندا. ئاگاداری دەبارزانیەكەیان كرد كەشەوە زەنگەو نەمنمە بارانیش دەبارێت، بۆیە سبەینێ رۆژ ببێتەوە لەتەكیاندا ئەچن بۆ قەسروماكۆسان. بەڵام بەكردەوە سەعات ١١ی ئەو شەوە، شەوە زەنگە پڕناسۆرو خەم خۆرییە ناوچەی ئاكۆیانیان بەجێهێشت و لەرێگای دێی كوردستانی خواڵێخۆشبوو اسماعیل-ی سوارە ئاغاوە بەرەو دەرباچەی دوكان و بۆ كۆتەڵو بۆ شاری سلێمانی بۆ كاری پارتایەتی نهێنی ژێر زەمینیانە بەسەركەوتوویی كەوتنە رێی و گەیشتنە مەنزڵ ئیتر كار لەكار ترازاو بارودۆخێكی نوێ رووی كردە شۆڕشی كوردو پارتی دیموكرات و سەربەخۆیی كارەوە. برایان علی عبداللەو نوری شاوەیس، یەكێتی كاری سیاسیان لەتەك مەلا مستەفادا قبوڵ كردو ئەویش ئیتر ناچار بوو دەست لەكوشتنی ئەو دووانە هەڵگرێت لەپێناوی لاوازكردنی هەڵوێستی سیاسی مەكتەبی سیاسی و پارتی دیموكراتی كوردستانی راستەقینە، خواڵێخۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها وەكو خۆی ووتی ئەومندەی گیانی خۆی لەكوشتن رزگار بكات

هەڵسوکەوتی خۆی لەتەك مەلا مستەفادا ئەپاراست، ئیتر لەم زرووف و هەلومەرجە تازەیەدا مەسەلەی ووتووێژکردن لەتەك حکومەتدا لەیەك لایەنەوە واتە هەر لەتەك مەلا مستەفا تێك چوو وەبوو بەدوو لایەنە واتا لەلایەك وەك لەوەو پێش حکومەت لای پەسەند بوو، وەبەرێگای سەرکەوتنی ئەزانی لەتەك مەلا مستەفاداو لەلایەکی ترەوە لەتەك مەکتەبی سیاسیدا. کاری سیاسی-یش بەم شێوەیە جێبەجێکرا مام جەلال و عمر دەبابە لەژێر زەمیندا لەسلێمانی لقی سلێمانی ببەن بەرێوە وەفەرمانی مەکتەبی سیاسی بگرنە ئەستۆ علی عەسکەری بەهەمان شێوە لقی کەرکوك کەلەوە پێشیش هەر ئەو فەرمانەی بەدەستەوە بوو ببات بەرێوە، حلمی علی شریف-یش لێپرسراوی لقی بەغدای پارتی بەنهێنی و لێپرسراوی ووتوێژکردن بێ لەتەك حکومەتی خوالێخۆشبوو د.عبدالرحمان بەزازدا، ئیتر لەسەر داوای حکومەتی عبدالرحمن عارف وتوێژی رەسمی لەنێوان مەکتەبی سیاسی پارتی بەهۆی حلمی علی شریف-ەوە دەستی پێکرد، پرۆژەی مەکتەبی سیاسی دەربارەی ئەم ووتوێژە بەم جۆرە بەحکومەت و سەرۆك وەزیران دکتۆر عبدالرحمن بەزازدا راگەیەنرا.

یەکەم:- ئەگەر بەتەنها ووتوێژ لەتەك مەکتەبی سیاسیدا ئەکەن کەمەکتەبی سیاسی زۆر بەپێویستی ئەزانێت مەلا مستەفا بارزانیش بەشداری ووتوێژ ببێت تاکو چارەسەری کێشەی کورد بەبێ گیروگرفت بکرێت (ئەمە دیارە لەحاڵێکدا کەمەلا مستەفا بەهیچ شێوەیەك بە ووتوێژی دوو لایەنە رازی نەبێت) ئەوا پرۆژەو داوای مەکتەبی سیاسی بەم شێوەیە ئەبێت لەدنیادا سێ کۆمەڵگای پێشکەوتوو نیوە پێش کەوتوو تازە پێنراوە خانەی

پێشکەوتنەوە هەن، کۆمەڵگای ئەوروپا، کۆمەڵگای ئاسیا، کۆمەڵگای ئەفریقا وەلەهەر سێ کۆمەڵگاکەدا کێشەی نەتەوایەتی هەبووەو لەهەندێ وڵاتی ئەم کۆمەڵگایانەدا چارەسەرو نیوە چارەسەر کراوە، وەکو یوغسلافیا لەئەوروپا، وەکیرالآ لەهیندستان وەبیافرا لەنەیجیریا. ئەگەر عیراقو کوردستانی عیراق لەئاستی ئەوروپا دائەنێن ئەوا ئێمە بەتاقیکردنەوەو چارەسەرکردنی یوغسلافیا رازین وەئەگەر بەئاستی ئاسیامان لەقەڵم ئەدەن بەچارەسەرکردنی هندستان وەئەگەر بەئاستی ئەفریقای دواکەوتومان لەقەڵەم ئەدەن ئەوا بە نمونەو تاقیکردنەوەی نێجیریا ئامادەو رازین واتا مامەڵەی (بیافرا)ی نێجیریا لەتەك کوردستانی عێراقدا بکەن. ئەوەی شایانی باسە لەم سێ وڵاتەی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقادا یەکێتی فیدرالی هەبوو، شەش جمهوریەتە فیدراڵەکەی یوغسلافیاو کیرالای هیندستانو بیافرای نێجیریا لەئەفریقا، دکتۆر عبدالرحمن بەزاز سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق لەوەڵامدا ووتی (ئم داوایە لەعێراقدا سەر ناگرێت چونکە ئەفسەرە گەورە دەسەڵاتدارەکانی لەشکری عێراق ئەم شێوەی چارەسەرکردنەوەی مەسەلەی کوردیان بەمێشکدا ناچێت) وە ووتی ئێمە لەتەك مەلا مستەفادا ووتوێژمان هەیە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا قسەی لەگەڵ حلمی علی شریف‌دا ئەکرد شێوەی رێکەوتننامەیەك رێك ئەخەینو نیشانی مەلا مستەفاشی ئەدەین بۆ رازی بوونو سەلمانندنی. ئیتر بەو پێیە بەشی دووەمی پێشنیازەکەی مەکتەبی سیاسی هاتە کایەوە کەنوێنەری حکومەت دکتۆر عبدالرحمان بەزاز بوو وەنوێنەری مەکتەبی سیاسی حلمی علی شریف بوو لەچەند کۆبونەوەیەکی دو قۆڵی لەماڵی خوالێخۆشبوو عبدالرحمن بەزاز لەگەڕەکی (الاعظمیة)دا

بەبەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بەو شێوەیەی بەرەسمی بڵاوکرایەوە ڕێکخرا. لەدوای تەواو بوونی ڕێکخستنی ئیتر هۆی خەباتی نهێنی مەکتەبی سیاسی لەکایەدا نەماو حلمی علی شریف ئاگاداری مەکتەبی سیاسی کرد مام جەلال هات بۆ بەغداو بەرەسمی ڕێکەوتننامەکە لەنێوان حکومەت‌و مەکتەبی سیاسی بەنوێنەرایەتی هەڤاڵان مام جەلال‌و حلمی علی شریف لەدەزگاکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی عێراقدا بڵاوکرایەوە، بەڵام سەبارەت بە مەلا مستەفای بارزانی‌و پارتی‌یە پێکەوەنراوەکەی مەلا مستەفا خوا لێی خۆش بێت بەپەلە بەڕێز حبیب محمد کریمی‌ی سکرتێری پارتی‌یەکەی دەنێرێت بۆ بەغدا پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە مۆری بکات‌و بیسەلمێنێت دوای دیتنی بەڕێزحبیب لەلایەن دکتۆر عبدالرحمن بەزازەوە، لە دکتۆر عبدالرحمن بەزازم پرسی ڕای حبیب چی بوو لەوەڵامدا ووتی تەنیا بڕگەیەکی بەیاننامەکەی گۆڕی ئەویش بریتی بوو لە (تسلیم الاسلحه) بکرێت بە(اعاده الاسلحه) واتا لەبریتی چەك داماڵینی پێشمەرگە تەنیا ئەو چەکانە بدرێتەوە کەلەحکومەت لەکاتی شەڕدا گیراوە، ئەوەی ڕاست بێت نوێنەری مەکتەبی سیاسی بەبەزازی ڕاگەیاندبوو کەتەنیا پارچە چەکێکیش نادەنەوە بەحکومەت‌و لەبەر ئەوە ئەو بڕگەیە بەهەردوو شێوەکە بەلای مەکتەبی سیاسی‌یەوە وەك یەکتری وابوو، بەڵام دەربارەی بەرەی مەلا مستەفا سەرنجێکی وورد بووە لەلایەن بەڕێز حبیب محمد کریمەوە چونکە ئەوان لەڕێکخستن‌و سازکردنی ئەو بەیاننامەیەدا تا ئامادەکردنی بۆ مۆرکردن‌و بڵاوکردنەوە دەستێکیان تێدا نەبوو.
بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم بەیاننامەیە دوو لیژنە دامەزرا، لیژنەیەك

ناوی لێنرا لیژنەی ئاشتی لەهەولێر لەنێوان مەلا مستەفاو حکومەتدا لیژنەیەکیش لەبەغدا بەسەرۆکایەتی وەزیری بەرگری ئەوسا خوالێخۆشبوو شاکر محمود شوکری لەنێوان نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی‌و حکومەتی عێراقدا. ئەمەبەشێکی گرنگی بەسەر هاتی بزوتنەوەی کوردو رێکەوتننامە دوو لایەنەکەی نێوان حکومەتی عێراق‌و هەردوو هێزە سیاسییەکەی کورد، بەرەی مەلا مستەفای بارزانی‌و بەرەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کەدەزگا پروپاگەندە چیەکانی پارتی مەلا مستەفا بەدرۆو دەلەسەو بوختانی شاخدار هەڵبەستن پێیان ئەووت جاشەتی ١٩٦٦ وەبەرەی مەکتەبی سیاسی بەوانیان ئەوت نۆکەری بێگانەو دوژمنی وڵات‌و گەلی عێراق بەکوردو عەرەبەوە، دوو خاڵی زۆر گرنگ پروپاگەندە درۆزنەکانی بەرەی بارزانی پوچەڵ ئەکەنەوە. یەکەمیان: تا ئاشکرا نەبوونی پیلانی کوشتنی سەرکردەکانی ئەوسای پارتی رای مەکتەبی سیاسی وابوو کەتەنیا ووتووێژێك لەتەك مەلا مستەفادا بکرێت‌و ئەم رایە حکومەتی عبدالرحمن عارف بەرەسمی بە مەلا مستەفای راگەیاندبوو. بەلام کەنیازی کوشتن‌و لەناوبردنی پارتی هاتە کایەوە ئیتر هیچ هۆیەك‌و بیانوویەك نامێنێت کە مەلا مستەفا تاقە سواری مەیدان بێت‌و بەئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووسی کوردو عێراق بکات.

دووەمیان:- ئەگەر رێکخستنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٧ کارێکی نەنگ‌و دژ بەکوردە بۆچی مەلا مستەفا بەپەلە نوێنەری خۆی بۆ مۆرکردنی ناردو بەهۆی لیژنەی ئاشتی لەهەولێردا کەوتە جێبەجێکردنی برگەکانی‌یەوە شایانی باسە هەر دوای رۆژێك هەندێ ئەفسەری گەورەی شۆفێنی بەناوی

ناتەواویەتی حکومەتی بەزازەوە دژی ئەم بەیاننامەیە بەسەرۆکایەتی عارف عبدالرزاق‌ی وەزیری بەرگری ئەوسا کودەتایەکی ناسەرکەوتوویان لەرۆژی ٣٠ی حوزەیراندا دژی ئەم بەیاننامەیە بەرپاکرد. لێرەدا ئەبێ ئەو بۆچوونە دەست نیشان بکەین کەمەلا مستەفا خۆی‌و گەلێك خەڵکی‌تری هەمەرەنگەو هەمە بیرو باوەڕ لەکوردستاندالایان وابوو کەهەر مەلا مستەفا مافی ووتوێژکردنی هەیە لەتەك حکومەتەکانی عیراقدا وەمەلا مستەفا ئەزانێت کەی ووتوێژ ئەکات‌و بەچی رازی ئەبێت!! جارێ ئەو دەورو دوکانەی سەدەکانی ناوەڕاست‌و پێش ناوەڕاست زۆر دەمێکە پێچراوەتەوە کەپاشاکان‌و کەسانی وەکو مەلا مستەفا سێبەری خودا بوون‌و لەلایەن خودای گەورەوە سەربەست کرابوون کەلەبریتی ئەو لەسەر زەمیندا فەرمانڕەوایی بکەن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی‌ترەوە بەراوردی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران‌و رێکەوتننامەی (المشارکە فی الحکم)ی نێوان مەلا مستەفاو عبدالسلام عارف‌و تاهر یەحیا بکرێت بزانرێت ئەگەر ئەمەی دوایی جاشایەتی نەبێت بەڵام چەند لەجاشایەتی‌یەوە نزیکە!!. بەڵام باوەڕناکەم بۆ بەیاننامەی یەکەم یەك‌ودووی بوێت کەئێمە بەیەکێك لەشانازی‌یەکانی خۆمانی ئەزانین کەوبەو شێوەیە لەلایەن مەلا مستەفاو هەموو دەزگاکانی‌یەوە دووبەرەکی‌مان لەتەکدا ئەکراو توانیمان لەهەل‌ومەرجێکی نێجگار ناهەمواردا ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە بەحکومەتی عێراق بسەلمێنین. کەئەگەر نەنگ‌و جاشایەتی تێدا بێت ئەوا بەشە زۆرەکەی بەر مەلا مستەفاو هاوکارەکانی ئەکەوێت چونکە هێزی چەکداری کوردستان هەموو لەوکاتەدا بەدەست مەلا مستەفاوە بوو، مەکتەبی

سیاسی لەژێر زەمیندا سەرکردایەتی بزووتنەوەو پارتایەتی ئەکرد، بائینجا لێرەوە لەسەر رەوتی خۆمان بڕۆین بەرێوە بزانین چ لایەك دەسکەوتی گەلی کوردو خاکی کوردستانی کردووە بەدروشم‌و کارو کردەوەی خۆی‌و چ لایەکیش بۆ دەسکەوتی تایبەتی‌و ناوو ناوبانگی خۆی‌و دەسکەوتی مادی گەلی کورد چاو بەستکراوە!.

مەلا مستەفا هەروەك پیشەی هەمیشەیی خۆی‌و دەزگا سەرکوت کەرو بکوژەکانی خۆی بەو پەری قین‌و تۆڵەوە راسپارد کەبەرەی مەکتەبی سیاسی بێ رەحمانە لەناوبەرن، وەلەتەك تاهر یحیی سەرۆك وەزیرانی ئەوسادا نەخشەو پیلانی ئەم لەناوبردنەیان کێشا، تاهر یحی‌ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسا وەکو دواڕۆژیش ئەم راستی‌یەی ساغ کردەوە، پارتی بەسەرۆکایەتی مەکتەبی سیاسی‌و جەماوەری پارتی‌و پێشمەرگەکانی ئەوسای بەسەرۆکایەتی بەڕێز کەمال موفتی بەدوژمنی سەرەکی خۆی‌و ئەفسەرو کاربەدەستە راستە شۆڤێنی‌یەکانی حکومەتی عێراق ئەزانی، نەك ئاگە سەرکردەیەکی بەساڵاچووی عەشیرەت‌و رەوشت‌و رەفتار. تاهر یحی کەدوای حکومەتی دکتۆر عبدالرحمن بەزاز جارێکی‌تر هاتەوە سەرکار، دۆستایەتی‌یەکی قوڵ‌و توندو تۆڵی لەتەك مەلا مستەفادا بەستبوو، وەبەڵێنی بە مەلا مستەفا دابوو کەپارت‌و مەکتەبی سیاسی‌و پێشمەرگەکانی بۆ لەناو بەرێت (دیارە بەکێش‌و تەرازووی جەنابی مەلا مستەفا کلك گرێ دان لەتەك دوژمن‌و ناحەزانی نەتەوەی کورد دژی پێشرەوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، پارتی‌و مەکتەبی سیاسی بەهیچ شێوەیەك ناچێتە خانەی جاشایەتی‌یەوە!! هەروەکو نیقۆلامیکا فیللی لەکتێبی (الامیر)دا ئامۆژگاری میرە گەورەکەی ئیتالیا ئەکات‌و

ئـەڵێت لـەپێناوی جێبـەجێکردنی ئامـانجی سـەرەکی‌دا هـەموو ڕێگەیـەك بـەکار بهێنـە، دەربارەی ئـەم پیلانـە دوو قۆڵیـەی مـەلا مستەفاو تاهر یحی مەکتـەبی سیاسی پارتی ناچار بـوو نەخشەی ڕووبەڕووبونـەوەی ئـەم کـارە نەنگـە بکێشێت، یـەکێك لـەکاری جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە چوونی بـەڕێز مـام جـەلال‌و حلمی علی شریف بـوو بۆ لای سەرۆك کۆمـار عبدالرحمـان عـارف بـۆ پوچەڵکردنـەوەی ئـەم پیلانـەو نـاڕەزایی دەربڕیـن دژی سـەرەك وەزیران تاهر یحی. سـەرۆك کۆمـار بـەئامادەبوونی خوالێخۆشبوو عمیـد سعید صلیبی جوامێرانـە لـەوەڵامی ناڕەزایی‌و گلەییـەکانـدا دەقی ئـەم قسـەیەی کـرد (اخـون عرضي مـا اخونکـم) (خیانـەت لەشـەرەفی خـۆم بکـەم خیانـەت لـەئێوە ناکـەم) بـەڵام ووتـی مـەلا مستـەفا پیـاوێکی عەشـیرەت گـەری‌و کەللـە ڕەقـە، ئێمـە ئێوەمـان خۆش ئەوەێت بەلام ناچارین هەندێ کـردەوەی نابـەدڵی خۆشمـان بۆ ئەو بنوێنین. هەرچەنـدە ووتـە جوامێرەکانی سـەرۆك کۆمـاری ئەوسا بەڕێز عبدالرحمان عارف‌ـمان پێخۆش بوو بـەڵام هەڤاڵ مام جـەلال پێی ووت دەکردەوەکان بـدە بـەئێمـەو خۆشەویستیـەکەش بدە بەمەلا مستەفا!!! هـەر چۆنێـك بێت پیلانـە نەنگەکـەی تـاهر یحی‌و مەلا مستـەفامان تا رادەیـەکی دڵ ئارام کـەر پوچـەڵ کـردەوە، ئێمـە لەوکاتـەدا لـەناو هـێزە نەتـەوەخوازە پێشکـەوتنخوازەکانی عـەرەب‌و دیموکراتخوازەکـانی عـێراقدا لـەپێناوی پتـەوکردنی پێوەندی دوو قۆڵی پارتی لەتەك هەر یەکێك لەو هێزانە لەبـەغدا چالاکی‌یـەکی زۆرمـان ئـەنوان، ئەمـە جگـە لـەپیاوانی ناسـراوی عەرەبی عیراقی‌و دەرەوەی عیراق‌و حکومـەتی میسری عبدالناصردا ئاموشۆو ئـاڵوگۆڕی بـیرو بـاوەڕو هـەوڵدان لـەپێناوی بەردیـەکی

نیشتمانی یەکگرتوودا بوو بە چالاکی هەمیشەیی لێپرسراوەکانی پارتی لەتەك خوالێخۆشبوو کامل چادرچی سەرۆکی پێشووی (حزبی وطنی دیموکراتی) وە فوئاد رکابی سکرتێری (حرکە الاشتراکیە الناصریە)و بەڕێزان ئەدیب جادرو خیرالدین حسیبو عبدالله نصراوی کەسانی دیکەی عەرەب، ئەمە جگە لەوە پێوەندییەکی رێكوپێكو بەرنامەدارمان لەتەك حزبی عەرەبی ئیشتراکیدا هەبوو، گەیشتبووە ئەو ئاستەی کۆبونەوەی رەسمی هەفتانەمان لە تەکیاندا ئەکرد، ئەم چالاکیانە جگە لەوەی کارێکی سیاسی پێویستی هەموو پارتییەکی سیاسی پێشکەوتنخوازە، بەلام لەلایەکی تریشەوە سێ هۆی سەرەکی هەبوو لەتیژکردنو گورج کردنی ئەم چالاکیانەدا.

١- بۆ بەرج دانەوەی چالاکییە دوژمن کارییەکانی مەلا مستەفاو دەزگاکانی لەتەك هێزو کەسانی دەستە راستو گومان لێکراواندا دژی پارتیو بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی کوردو عەرەبدا.

٢- لاوازی سەرۆك کۆمار عبدالرحمان عارف لەبەڕێوەبەردنی وولاتو دەست سپێتی لەچارەکردنی کێشە سەرەکییەکانی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبییەوە دیار بوو کەشایستەی ئەو ئەرکە گرانە نەبوو هەر خۆشی ئەیووت دوای کەوتنەخوارەوەی عبدالسلامی برای لەتەیارەی هەلیکۆپتەر لەبەسرەدو مردنی ئەم ئەرکەی واتە سەرۆك کۆماری عێراقی بەسەرا سەپێنراوە. لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەمان ئەکرد لەهەر کاتێکدا بێت کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتووانە دژی بکرێتو ئەبوو ئێمەش خۆمان بۆ ئەو زرووفە ئامادە بکەین.

زۆر بەووردی ئاگاداری چالاكییەكانی مقدم ركن نائیبی مودیری ئیستخباراتی عەسكەری عێراق عبدالرزاق نایف بووین كەبەئاشكرا بۆ هێزێكی سیاسی عەرەبی، وەكوردی ئەگەڕا بۆ هاتنە سەر كار هاوكاری بكات وە بۆ ئەم مەبەستە لەماڵی خۆیان لەگەڕەكی یەرموكی بەغدا كۆبونەوەیەكی لەتەك خوالێخۆشبوو فوئاد ركابیو دوو ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتیدا كرد، بەڵام كۆبونەوەكەی بێئەنجام كۆتایی هات.

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە هەموو پێویست بوو چالاكییەكی باش لەبێناوی پێوەندی جۆراو جۆر لەتەك هێزە دیموكراتیو نیشتمانیو نەتەوەییەكانی عەرەبی عیراقو دەرەوەی عێراقدا ببەسترێت بەتایبەتی هێزە پێشكەوتنخوازە فەلەستینییەكانو نەتەوەییە سۆشیالیستییەكانیعەرەبدا. وەئەم چالاكیانە بۆ پارتیو بزووتنەوەی نەتەوایەتی پێشكەوتنخوازی كوردو كوردستان بەرهەمێكی باشی بەدەست هێنا، زۆری پێنەچوو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیو كۆمەڵەكەی مقدم ركن عبدالرزاق نایف لە١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨دا هاتنە سەر كار، دوای ١٣ رۆژ واتە لە٣٠ی تەموزی ١٩٦٨دا حزبی بەعس عبدالرزاقو هاوكارانی دەرپەڕاندو خۆی بەتەنیا لەسەر كار مایەوەو دەسەڵاتی تەواوی گرتە دەست، لەكابینەی یەكەمدا مەلا مستەفا بەسێ وەزیر بەشداری كرد بەڵام عبدالرزاق نایف لەسەر كار لابرا مەلا مستەفا خۆی لەبەشداری كردن كێشایەوە كەئەمەش باسێكی تایبەتی لەپێوەندییە بێ سەرو شوێنەكانی مەلا مستەفا لەتەك هێزەكانی دەرەوەدا ئەوێت، لەكابینەی دووەمدا سەبارەت بەوەی پێوەندی رێكەوپێكی دوو قۆڵی لەنێوان پارتیو حزبی بەعسی عەرەبی

ئیشتراکی‌دا پێش هاتنە سەر حوکمیان هەبوو، داوای سێ وەزیریان لەپارتی کرد بەڵام سەبارەت بەوەی لەوەو پێش بڕیارێك هەبوو کەبۆ بەشدار بوون لەکابینەی هەر حکومەتێکی عێراقی‌دا پێویستە کۆنگرەی بۆ کۆبکرێتەوە، بڕیار درا یەکێك لەدۆستەکانی پارتی بکرێت بەوەزیر ئەوە بوو تەها محی‌الدین معروف کەئێستا جێگری سەرۆك کۆمارە کرا بەوەزیری اسکان، دوای ئەمە داوا لەکاربەدەستانی تازەی حکومەتی بەعس کرا ڕێگا بدەن بەرەسمی ڕۆژنامەیەك بەناوی پارتی‌یەوە دەربچێت. ئەوە بوو لەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (النور) کەسەرنوسەری حلمی علی شریف بوو رازی بوون، وە دوای ماوەیەکی کەم جگە لەکاری پێویستی ئاسایی کوردستان داوا لەحکومەتی بەعس کرا ئەم چوار خاڵەی خوارەوە جێبەجێ بکەن‌و ئەوانیش داواکەیان سەلماند:

پێکهێنانی پارێزگای دهۆك.

دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردستان.

دان نان بەجەژنی نەورۆزو بەرەسمی ناسینی لەعێراقدا.

ئەمە جگە لەپێشخستن ئێزگەی کوردی بەغدا و تەلەفیزیۆنی کوردی لەکەرکوك‌و دەزگایەکی تایبەتی ڕۆژنامەو گۆڤاری رەسمی‌و حکومەتی‌و کردنەوەی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بەهەمو شێوەکانی‌یەوە لەکوردستان‌و پێشخستنی پیشەسازی‌و کشتوکاڵی لەکوردستاندا، مەلا مستەفا بەپێی نەخشەیەکی لەدەرەوە بۆ کێشراو جەنگی هەڵگیرسانەوە، لێرەدا پاکانە بۆ حزبی عەرەبی ئیشتراکی ناکەین بەڵام ئەگەر بەراوردی حکومەتی عبدالرزاق نایف‌و حکومەتی بەعس دوای ئەوە بکرێت هەر چۆنێك بێت، بەهەر

کێش‌و پێوانەیەك بێت، حکومەتی بەعس لەو کاتەدا هەزار ئەوەندەی حکومەتی عبدالرزاق نایف چاکتر بوو. کەوەکو لەپێشەوە ووتمان باسێکی تایبەتی ئەوێت کەبەروونی حیسابە بۆ حسابیەکانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی روون بکاتەوە. شەڕی نێوان هێزەکانی مەلا مستەفاو حکومەتی عێراقی بەعس درێژەی کێشا حکومەتی شاو ئەمریکاو تورکیاو چەند لایەنێکی‌تری دەوڵەتیی پارمەتیەکی چاك‌و راستەوخۆی هێزەکانی مەلا مستەفایان بەچەك‌و تفاقی جەنگی پارەو پوڵ ئەدا. هێزەکانی بەعسیش هێشتا خۆیان گۆنەکردبووەو حزبی بەعس لەدەزگاکانی لەشکری عێراق‌و فەرمان رەوایەتی‌دا جێگای خۆی نەبەباشی کردبووەو نەهێزێکی ئەوتۆشی پەیدا کردبوو کەخۆی لەهەرەسهێنان رزگار بکات بۆیە کەوتنە پەلەقاژەی رێکەوتن لەتەك مەلا مستەفادا لەم کارەدا پەنا براوەتە بەر هەندێ هێزی دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات‌و نفوز لای مەلا مستەفای بارزانی، ئەم هەوڵ‌و تێکۆشانە لە١١ی ئازاری ١٩٧٠دا بەسەرکەوتن بەئەنجام گەیشت‌و شەڕی نێوان بەعس‌و مەلا مستەفا بەئامانەت راوەستا بەم مەرجە سەرەکیانەی لای خوارەوە:

١- شەڕ راگرتن تاساڵی ١٩٧٤ بەنیازی ئەوەی دوای ئەو چوار ساڵە چارەسەرێکی تەواو بۆ کێشەی کوردی عێراق بدۆزرێتەوەو دابنێت.

٢- مەلا مستەفا وەزارەتی شئونی شیمال‌و چەند وەزارەتێکی تریشی بۆ بسپێردرێت.

٣- پارێزگاری دهۆك‌و هەولێرو سلێمانی بدرێتە دەست کەسانی کەمەلا مستەفا بۆ ئەم کارە ئەیانپاڵێوێت.

٤- پارتیـیـەک بـەناوی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتانەوە کەرۆژنامەی (التاخی) بەعەرەبیو (برایەتی) بـەکوردی هـەبێت بەئاشکرا لەعێراقدا چالاکی خۆی بنوێنێت.

٥- تەها محیالدین معروف وەزیری (الاسکان)ی سەر بـە پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) لەکار بخرێت.

٦- چـالاکی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان بەسـەرۆکایەتی مەکتەبی سیاسی بـەرەسمی قەدەغە بکرێتو رۆژنامەی (النـور) کەبەئاشکرا دەرئەچوو دابخرێت.

ئەگەر بەووردی سەیری ئـەم خالانـە بکرێت بەباشی ئاشکرا ئەبێت کە مەلا مستەفا بەقسەی هەندێ هێزی نێودەوڵـەتی لـەژێر پاڵەپەستۆی بەزۆر پێکردندا ئەم رێکەوتننامەیەی قبوڵ کردووەو تەنانەت خۆشی ووتویەتی ئەم رێکەوتننامەیە (٧٠٪) دژی ئێمەیە، وەئەگەر باش برۆین بەرێوە لەوانەیـە (٣٠٪) بـەخێر بـۆ ئێمـە بگەرێتەوە.

مـەلا مستەفا لـەوە بـەو لاوە کـەپارتیو رۆژنامـەی (النـور)ی لـەکۆری خـەباتی سیاسـی ئاشـکرای نێـو عـێراقدا لـەناوبردووو گۆرەپانی سیاسی بۆخـۆیو هـێزە سیاسـیو سـەربازییەکانی چـۆڵ کرد. لەمـە زیـاتر لـەزەرەرو زیـان بـەولاوە هیچـی تـری دەسـت نەکەوت. چونکە لەشکری عێراق لـەو چوار ساڵەدا بـەرێکوپێکی خۆی کۆکردەوەو حزبی بەعس لەدەزگاکانی دەوڵەتدا خۆی جێگیر کـردوو لەکوردستانیشـدا ریزەکـانی خـۆی بـەهێزکردو بـەهۆی خۆماڵی (التأمیم)کردنی نەوتی عێراقیشەوە دراوێکی ئێجگار زۆری کەوتە دەست.

مەلا مستەفا دوای ماوەیەکی کەم بەخۆی زانی کەچ ترێنێکی بەخۆی داوە بۆیە خوالێخۆشبوو فاخری حەمەدئاغای مێرگەسووری بەنهێنی نارده لای لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) کەبگەڕێنەوە لای، وەجارێکیتر هەردوولا یەك بگرنەوە، فاخر مێرگەسووری ووتبووی بۆیە منی بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە ناردووەو ئەم کارە گرنگەی پێ سپاردووم چونکە کاربەدەستانی پارتیەکەی هاتنەوەی ئێوەیان پێ ناخۆشەو وائەزانن کەجێگەیان پێ لەق ئەبێت لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوان ئاگاداربن و بکەونە بەینەوە لەبریتی پەکخستن تێکی ئەدەن!. ئەم کارە سەرکەوت و پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) بۆ چەند سەعاتێك ناوی خۆی گۆڕی بەپارتی شۆڕشگێری کوردستان و لەکۆنگرەی حەوتدا بڕیاریاندا تێکەڵ بە پارتی دیموکراتی کوردستانی مەلا مستەفا ببێت و ئەم ناو گۆڕینە دەست کردەش هەر بۆ ئەوە بوو نەڵێن پارتی تێکەڵی پارتی ئەبێتەوە!!!.

ئەم کارە وا چووە سەرو گۆڕەپانی پارتی بۆ مەلا مستەفاو دوو کوڕەکەی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی و کاك مەسعود بارزانی خۆش بوو، ئەوانەی تێکەڵێش بوونەوە بەرواڵەت و ئەمانەت هەندێ شوێنی پارتایەتیان درایە دەست و بەشی زۆریشیان هەر بۆ خۆحەشاردانەوەو شوێنەونی ئەم کارەیان پەسەند کرد.

جا ئەگەر بگەڕێینە سەر پەیوەندی نێوان مەلا مستەفاو حکومەتی بەعس ئەگەینە گەیشتن بەتازەبونەوەی شەڕ لەنێوانیاندا چونکە ماکی ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕ لەنێوان حزبی بەعس و حکومەتی عێراقدا بەتایبەتی لەشکری عێراق

لەلایەك‌و مەلا مستەفاو هێزە چەكدارو سیاسی‌یە هەمەجۆرو هەمە پەیوەندی‌داری‌یە هەمەرەنگە لەتەك دەوڵەتانی دەرەوەدا لەلایەكی‌ترەوە، چونكە ماكی ئەمانە هەر مابوو بۆیە لەنزیك بوونەوەی تەواوی بوونی چوار ساڵەكەو بەدەست تێوەردانی دەوڵەتە گەورەكان بەیەكێتی سۆڤیاتی ئەوساشەوە بەشێك لەمەڕ حكومەت‌و بەشێك لەمەڕ مەلا مستەفا بەناوی نەگەیشتن بەیەك دەربارەی شێوە ئۆتۆنۆمی لەكوردستاندا (الحم الذاتي) هاتنە كایەی دوو پرۆژەی جیاوازی ئەم ئۆتۆنۆمی‌یە یەكێكی هی مەلا مستەفاو ئەوی‌تریان هی حكومەت، سەر لەنوێ شەڕ لەنێوان حكومەت‌و هێزەكانی مەلا مستەفا دەستی پێ‌كردەوە، ئەم جارە یەكێتی سۆڤیاتی لەتەك حكومەتی عێراقدا بوو بەحزبی شیوعی عێراقیشەوە وەدەوڵەتە رۆژئاوایی‌یەكان‌و وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو ئێران‌و توركیاو چەند دەوڵەتێكی عەرەبی سەر بەرۆژئاوا كەوتنە تەك مەلا مستەفای بارزانی، بەم پێیە جارێكی‌تر لەشكری عێراق‌و حكومەتی بەعس ناكۆك لەتەك ئەمریكادا ماندوو شەكەت كرا. تەنانەت سەدام حسین كاتی خۆی ووتی لەو شەڕەدا لەرۆژانی دوایی شەڕەكەدا سێ گوللە تۆپمان بەدەستەوە مابوو بۆیە رێككەوتننامەی جەزائیرمان لەتەك شای ئێراندا مۆر كرد. ئەم جارە حكومەتی بەعس لەبریتی ئەوەی لەتەك مەلا مستەفادا هەوڵی رێككەوتن‌و كۆتایی بەشەڕو كێشەی كورد بهێنێت، گفتوگۆی گواستەوە بۆ ئێران‌و لەتەك شای ئێراندا بەیارمەتی حكومەتەكانی میسرو هندستان‌و جەزائیر. وەكو ئاشكرایە ئەم گفتوگۆیە لەتەك شای ئێراندا بەرێكەوتننامەی جەزائیری بەناوبانگ كۆتایی هات‌و جەنابی مەلا مستەفا لەلایەن

شای ئێرانەو ئاگادار کرا کەئەبێ دەست لەشەڕ هەڵگرێتو کوردستانی عێراق خۆیو لەشکرەکەیو پارتیەکەی بەجێ بهێڵێت، ئەوە بوو چوو بۆ ئێرانو مەلا مستەفا لەچاوپێکەوتنێکدا لەتەك رۆژنامە فارسیەکانی (اطلاعات)و کیهان)دا ووتی (کاری من تمام شد) واتا کاری من تەواو بوو ئیتر بەمە بانگی ئاش بەتاڵ دراو هێزەکانی مەلا مستەفا پای دۆسیان لێکردوو حکومەتی عێراقیش لەدەزگاکانی راگەیاندا بڵاوی کردەوە: (تم القضاء علی الجیب العمیل الی الابد) واتا هێزە بچکۆڵەی بەکرێگیراو هەتاهەتایە لەناوبرا!!.

ئا لەم تاقیکردنەوە تاڵەدا ئەنگی مەلا مستەفا دەرئەکەوێت کەهەمیشە خۆیو بزووتنەوەکەی بەستۆتەوە بەهێزی دەوڵەتێك یاخود چەند دەوڵەتێکی بێگانە بێ ئەوەی گوێ بداتە بەهێزکردنو پتەوکردنو دامەزراندنی هێزی ناوخۆ لەسەر بناغەیەکی پتەوو راستەقینە وەهەمیشە هەوڵی داوە بەشێوەیەکی میکافیلیانە هێزە ناحەزەکانی خۆی لەناو بەرێت. بۆیە هەمیشە بزووتنەوەکانی هەر ئەوەندە لەکۆڕو کایەدا بوون کەئەو دەوڵەتە بێگانانە ئارەزوویان کردووە، مەلا مستەفا تەنیا پارەو پوڵی پێبراوەو بەس هەر لەبەر ئەوەی کاری تێك ئەدەنو نەخشەکانی پوچەڵ ئەکەنەوە بڕوای بەدوو سەرەتای بنچینەیی هەبووەو توندو تۆل دەستی پێوەگرتوون یەکەمیان کارەکانی لەتەك ئەملاو دەوڵەتاندا زۆر بەنهێنی راگرتووەو دووەمیان زۆر دڕندانە شەڕی لەتەك ئەو کەسو لایەنو هێزە کوردیانەدا کردووە کەلەکۆڕی شۆڕشو کوردایەتیدا جێگا دەستو جێگا خەباتیان دیار بووە تاکو سەری لێنەشێوێننو پیلانەکانیانی لێتێك نەدەن ئەمە جارێکیتر

ئەو چاوپێکەوتنەمان بیر ئەخاتەوە کەلەمزووریێکی کۆنە خانوویی سەباحی نوری سعید لەتەک حلمی علی شریف دا کردی خاڵە گرنگەکانی ئەمانە بوون:

١- پشت بەستن بەهێزی سەرۆک عەشیرەتەکان.

٢- پشت بەستن بەدەوڵەتانی بێگانە.

٣- دوژمنایەتی هێزی سۆشیالیستی لەدەرەوەو جەماوەری زەحمەت کێش لەناوەوە.

واتە پشت بەستن بەدەوڵەتانی رۆژئاوای گەورەو چینە چەوسێنەرەکانی ناوخۆ. بۆیە هەمیشە قەلایەکی زۆر گەورەی فشۆڵی پێکەوە ناوەو بەتاقە کوتەکێکی دەوڵەتێکی گەورەی پشت بەستوی روخێنرا!! ئیتر بەم پێیە پەردەیەکی‌تر درایەوە بەسر بزووتنەوە پچڕپچڕەکانی مەلا مستەفای بارزانی‌دا کەهەمیشە خۆی بەتاقە قارەمانی مەیدان زانیوەو هێزە نیشتمان پەروەرو کەسانی کوردی سیاسی‌و نیشتمانپەروەری بەهیچ زانیوەو هەر لایەک لەفەرمان‌و دەسەڵاتی چوبێتەوە دەرەوە ناسناوی خائن‌و جاشی خستۆتە پاڵ‌و ئیتر بەئاسانی گوللەی تۆڵەی لێخستۆتە کار!!! هەر کەسێکی هوشیاری خاوەن (انصاف) ئەم چەند لاپەڕەیە بخوێنێتەوە بۆی دەر ئەکەوێت کەچۆن‌و لەپەنای چ پیلان‌و نەخشەیەکدا نازناوی جاشی ١٩٦٦ لەلایەن مەلا مستەفاو دەزگاکانی راگەیاندنی‌یەوە خراونەتە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان‌و سەرکردەکانی وەلەبەراوردکردنێکی کارو کردەوەی هەردوولا ئەزانرێت تەرازووی جوامێری‌و کوردایەتی‌و دڵسۆزی‌و جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی‌و نەتەوایەتی‌یەکانی هیچ نەبێت هی خەڵکی کوردستانی عێراق بەلای چلایەکدا شۆڕ ئەبێتەوە.

داخی گـران زۆر کـەس تەنانـەت هـەندێ لـەخاوەن بەڵگەنامـەو زانیاریـەکانی کوردیـش لـەو راسـتیە تێناگـەن کەسـەرکردەی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی وەکو هی کورد بـەچی پێك دێت؟ ئایا هـەر چـەك بەرزکردنـەوە لـەرووی دوژمـن‌و ناحـەزانی کـورد خاسیەتی سەرکردایەتی دەستەبەر دەکات؟ خۆ ئەگەر ئەم بۆچونە وابوایە ئەی کەواتـە بۆچی هـەندێ سـەرکردەش شکسـت دێنـن‌و هەندێ بەئاسانی سەرناکەون؟ ئەی کەواتە خوێندنـەوەو فێربون‌و زانستی عیلمی سیاسی‌و کەڵك وەرگرتن بەخوێندنـەوەو بـەدوادا گـەڕان بـەدووی چۆنێتـی سـەرکەوتنی بزوتنـەوەی سیاسـی‌و جینایەتی‌و نەتەوایەتی گەلاندا چ کەڵکێکی هەیە؟ ئـەی کەواتـە چ جیاوازییـەك لـەنێوان جۆن کەنـەدی خـاوەن بەڵگەنامـەی دکتـۆراو خاوەن هەزاران پسپۆڕو شارەزاو زانایانی هەمەلایەنەو کۆنگریـس‌و ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئاسایشی نەتەوایەتی پنتاگۆن‌و موخابەراتی مەرکـەزی‌و هـەزاران هـەزار پـاریـەدەرێترو دەزگـای جۆراوجـۆری زانستی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونـی لەتـەك جـەنابی عیـدی ئـەمینی ئۆغـەندیدا چی‌یـە؟!! لـەکتێبی نجـدت فتحـی سـفوەت قونسڵی کۆنی عێراق لەواشنتۆن ئەم مامۆستایە ئەڵێت (جارێکیـان بەبۆنـەی ئاهـەنگێکی گـەورەی ئـەمریکاوە لەواشـنتۆن بانگهێشـت کرابـووم بـەپێی پرۆتۆکـۆڵی خۆیـان جێگـای دانیشـتنیان بـۆ دەستنیشان کردبووم، لەو ئاهەنگەدا جۆن کەندی سـەرۆك کۆمـاری ئـەمریکا ووتـارێکی بـەو بۆنەیـەوە ئـەخوێندەوە، ئـەڵێت پێـش خوێندنەوەی ووتارەکەی گەنجێکی ئەوروپایی رەنگ لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو خۆی پێشکەش کردم کـەراوێژکاری رۆژنامەگـەری جۆن کەندی‌یەو ووتبووی ئێمە بۆ ئەم کارە پـەنجا کەسـین. بـۆ ئابووری

پەنجای تری هەیەو بۆ سیاسی پەنجایەکتری هەیەو بۆ عەسکەری‌و پەشەکانی‌تری دەوڵەت. گەل ئەمریکایی بەو جۆرە راوێژکاری هەیە، پێش هەموو ئاهەنگ‌و بۆنەیەکی‌تر کەسەرۆک کۆماری ئەمریکا ووتەی هەبێت هەر پەنجا راوێژکارمان پەنجا ووتار یا نامەی بۆ دەنووسین‌و بۆی ئەنێرین ئینجا خۆی ئازادە ووتارێك وەبەچ جۆرێك هەمووی پابەشێکی یاهەر هیچی، کەڵکی لێوەرئەگرێت‌و ووتبووی چۆن کەندی خاوەن دوو بەڵگەنامەی دکتۆرایە، یەکێکی ئاسایی‌و ئەوەی‌تریان دکتۆرای دەوڵەت.

جا پیاوێکی وەها بەم هەموو دەزگاو راوێژکارو پسپۆرو یاریدەرەوەچۆن ئەچێتە ئاستی یەکێکی وەك عیدی ئەمین‌و بۆ کاساو تەنانەت کەسانی وەك عبدالحلیم عامری میسرو شقیری فەلەستینی‌و حوسنی زەعیمی سوریاو کەسانی سەرکردەی تری ئەم جۆرە وولاٌتانە.

ئەگەر چاوێك بگێڕین بەو کەسانەی نالێم لەدەورویشتی مەلا مستەفا دابوون خوا لێی خۆش بێت لەدەوری خۆی کۆیکردبوونەوە، کوێرەوەری‌و سەرگەردانی‌و نوچ دانی شۆڕش‌و بزوتنەوەکانی ژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفامان بۆ دەر ئەکەوێت!! ئەڵێن جارێك لەدانیشتنێکدا خوالێخۆشبوو نافیز جەلالی وەزیری هەڵبژێردراوی مەلا مستەفا بە مەلا مستەفای ووتوە (چاوم کوێرە بێت بەرەواڵەت ناڵێم سەد ساڵی‌تر ئینجا میللەتی کورد هەڵئەگرێت سەرۆکێکی وکو تۆی هەبێت!!!) دەی ئەگەر جەنابی مەلا مستەفا پاش (١٣) ساڵ لەیەکێتی سۆڤیات لەناو کانگای کتێبی زانستی سۆشیالیستی‌و دژ بەچینایەتی‌و نەتەوایەتی‌و باسە بەنرخەکانی مارکس لەکەپیتاڵ

(سەرمایەداری)و لینین لەچارەسەری مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکانی جیهاندا ئەوەندەی بەرچاو کەوتبێت کەلەوڵاتی سۆشیالیستی (دایكو خوشكی خۆیان....) ئیتر ئەبێت چ هونەرو زانستی‌یەکی سەرکردایەتی سیاسیو نەتەوایەتیو چینایەتی بزانێت باپڕ بەدڵیش حەز بەسەرکەوتنی کورد بکات؟!.

داخی گران سەبارەت بەوەی نەتەوەی کورد لەنەتەوە هەرە کۆنە خاوەن شارستانی‌یەکانی کۆنەو تائێستا چەوساوەی دەستی بیانیو تامەزرۆی پاراستنی قەوارەی خۆیەتی نەك پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی شایستە، سەبارەت بەمە بەتەپڵی هەموو چەکدارێك هەڵپەڕیوەو سەمای کردووە. سەرکردایەتی نەتەوەی کورد، کەخوا یاربێت باسێکی تێرو پڕی ئەوێت لەسەری بنوسرێت، شارەزایەکی تەواوی ئەوێت لەزانستی سەرکردایەتیو خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتیو نیشتمانی‌دا وەدەربارەی کورد پێویستە جگە لەپشت بەستنی تەواو بەخەباتی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانو پشت گوێ‌نەخستنی رۆڵی هەموو کوردپەروەرانی کورد بەجیاوازی چینو توێژەکانیشیەوە جگە لەمە پێویستە ئەم سەرکردانە شارەزاییەکی تەواویان لەباری ئابووری کوردستانو پێوەندی بەگەلانو دەوڵەتانی دراوسێوە هەبێت، هەروەها پێویستە پسپۆڕ بن لەزانستی جیۆپۆلیتکداو لەزانستی پێوەندی‌یەکانی نێو دەوڵەتیدا (العلاقات الدولیە). من هیچ لایەك هەڵناکێشم کە ئەم شارەزاییەیان هەبووبێت وەئێستاش وەکو پێویست هەیان بێت. هەرچەندە کەسانو لایەکی بزووتنەوەی کورد لەم کۆڕانەدا لەتەك کەسانو لا: ٥٦ ەم بزوتنەوەیە ئاسمانو رێسمانیان بەین بووە ئێستاش بەینە. شایانی باسە پێویستە ناتەواوی بەشەکەی

مەکتەبی سیاسی لەم مەیدانەیخەمەڕوو کەهەرچەندە گوێیان ئەدایە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی بەلام کارو کردەوەو سەرەنجی ڕاستی‌و بنچینەییان هەر ئەبەست بەخەباتی هێزی گەلی کوردەوە لەکوردستانی عێراقدا، وەهەموو دەسەلاتێکیتری دەوروپشت‌و دەرەوەیان لەئاست ئەمەدا بەبەشێکی زۆر بێ دەسەلات ئەزانێ وای بۆ ئەچوون کەئەم هێزە لەبرەو بەدەسەلات بێت هەموو لایەك بێ گوێدانە رەوت‌و ڕێبازی ئەم هێزە دەست دائەنێن پارتی بەسەریدا بڕوات! هەروەك مەلا مستەفاش بەپێچەوانەی ئەم ڕێگایە بیری ئەکردەوەو نەخشەی خۆی دائەنا، هێزی دەرەوەی بەهەموو شتێك‌و هی ناوەوەی زۆر بچوك ئەنرخان، مەلا مستەفا کاتی خۆی ئەیوت (دنیا دوو دەوڵەت ئەیبات بەڕێوە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیات، ئەم دوو دەوڵەتەش دوو کەس ئەیبات بەڕێوە جۆن کەندی‌و خرۆشۆف. بەلام رووس لەتەنگانەدا دۆستی خۆی بەجێ ئەهێڵێت ئەمریکا پشتی بەرنادات). کەچی لەسالی ١٩٧٥دا وەکو لەبەرنامەی راگەیاندندا جیمی کارتەر پالاوتەکراوی حزبی دیموکراتی ئەمریکا بلاوی کردەوە کەسەرۆك کۆماری ئەوسای ئەمریکا جیرالد فۆردلەتەك شای ئێراندا لەپەیمانی خۆی پاشگەز بۆتەوە پیلانی دژی نەتەوەیەکی بچوك گێڕاوە! وات جیرالد فۆرد ئەخاتە خانەی پیلان گێڕانەوە دژی کورد، خۆزگە لەبریتی ئەو ناکۆکی‌و دووبەرەکی‌یەی کەوتە نێوان مەلا مستەفاو مەکتەبی سیاسی‌یەوە سەرکردەو سەرکردایەتی یەك پارتی‌و شۆڕشی کوردی ببردایە بەڕێوەکەبرواکردن‌و پشت بەستنی یەك لایەنەی مەکتەبی سیاسی بەهێزی پارتی‌و جەماوەری خەلکی کوردستانی لەتەك برواکردنی یەك لایەنەی جەنابی مەلا مستەفا تەنیا بەهێزی

دەرەوە، بەتایبەتی وولاتە هەرەگەورەکان ئامێتەی یەکتری و لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە رێك بخرانایەو یەك بخرایانە بێ مەغرورو خۆ بەزل زانینی بێ بناغە. وەخەباتی سیاسیو چەکداری پارتیو کوردو کوردستانی پێ ئاراستە بکرابایە، بێگومان ئێستا بزووتنەوەی کورد حاڵی عێراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتی ئاینیو نەتەوەییەکانیەوە لەم کوێرەوەریو دەردەسەرییەدا نەئەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ئاستێکدا ئەبوو کەگەلانی دراوسێو دەوڵەتانی گەورەی دنیا بەچاوی رێزەوە سەیریان ئەکردن، ئینجا ئەبێ بگەڕێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان، دوای ئاش بەتاڵە جەرگبڕەکەی مەلا مستەفا لەساڵی ١٩٧٥ کەبەهیچ بڕوبیانوویەك پینە ناکرێتو تەنانەت حکومەتی عێراقیش بەم شێوەیە ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو کەشای ئێران بۆ داگیرکردنی (شط العرب) ئاش بەتاڵ بە مەلا مستەفا بکاتو شۆڕشی کورد بکوژێنێتەوە. بەڵکو حکومەتی عێراق لەزمانی سەدام حسێنەوەئەگێڕنەوە کەوای پێ خۆش بووە ماوەیەکیتری کەم شۆڕشی کورد درێژە بکێشێت واتا دوای رێکەوتننامەی (الجزائر)و ئەوسا حکومەتو مەلا مستەفا بکەونە ووتوێژەوە تاکو شای ئێران بەتاقی تەنیا نەبێت بەتاقە سواری بەر لەشکرو هۆی کوژاندنوەەی شۆڕشی کوردی عێراق.

دەربارەی ئەوەی کەئەشڵێین هیچ بڕوبیانوویەك پاکانە بۆ ئەو ئاش بەتاڵە ناکات، چونکە هێزێکی زۆر، سەرکردەی سیاسیو سەربازی کورد لەکوردستانی عێراقو ناو شۆڕشی کورد هەبوون کەئامادەبوون ئۆباڵی ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیانو بەبێ مانەوەی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی درێژە بەشۆڕشی

کوردستان بدەن‌و دوای سەرکەوتنیش هەر باوەش بۆ گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ کوردستان بگرنەوەو هەر بەسەرۆکی خۆیانی بزانن.

بەڵام داخی گران مەلا مستەفا مۆڵەتی ئەم هەلەشی نەداو هەڕەشەی ئەوەی لەو سەرگردانە کرد کەدووی ئەم بیرو باوەڕو بۆچونە کەوتون. چەکیان لەروودا بەرز بکاتەوەو شان بەشانی لەشکری عێراق‌و ئێران دژیان بجەنگن.

ئیتر بەم شێوەیە پەردەیەکی تری نائومێدی‌و کوێرەوەری درایەوە بەسەر بزووتنەوەیەکدا کە مەلا مستەفاو ئەم بنەماڵەیە سەرکردایەتی‌یان ئەکرد، دوای ئەمە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتە کایەوەو خۆیان بەدوورو درێژی باسی نوێکردنەوەی شۆڕشی کوردو سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو ململانێ‌یان لەتەك پارتی‌و هێزەکانی مەلا مستەفای بارزانی‌دا کردووە کەنەپێویست بەنووسینی من ئەکات‌و نەخۆشم هەڵ ئەنێم کەنەتوانم وەکو خۆیان لێی بدوێم، بۆیە ئەم باسە بەوە کۆتایی ئەهێنم کەبابەراوردێکی رێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٧وە رووداوەکەی هەولێری ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بکەین‌و بزانین رێبەرانی ئەم رووداوەی ئەم دواییە مافی ئەوەیان هەیە باسی جاشایەتی بکەن؟!!
چونکە بەهەموو پێودانگێك خیانەت کاری پڕ بەپری ئەم ووشەیە، یەخەی گرتوونەتەوە نەك لەبەر ئەوەی داوایان لەسەرۆکی عێراق سەدام حسێن کردووە کە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانیان بۆ بگرێتەوەو بەس بەڵکو لەبەر ئەوەی لەو کاتەوە جەنابی مەلا مستەفا لوتی ژنیوەتە مەسەلەی کوردو دەستی بەسەر لایەکی زۆر گرنگیا گرتووە، بەدرێژایی سەرکردایەتی‌و

پێوەندی بەبزووتنەوەی کوردەوە تائێستای بەڕێز مەسعودی کوڕی مەسەلی کوردیان خستۆتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە، بازاڕی مامەڵکردن لەتەك حکومەتەکانی عێراق و دەوڵەتانی خاوەن قازانج و دەسەڵات لەعێراق و کوردستانی عێراقدا هەرگیز تەماشای مەسەلەی کوردیان لەو کلاوڕۆژنەیەوە نەکردووە کەئەمە مەسەلەی نەتەوەیەکە لەزروف و هەلومەرجەکانی ڕەوتی پێشکەوتنی کوردایەتی و باری چینایەتی نەتەوەی کوردو هەلکەوتنی ئەم نەتەوەیە لەنێو کۆمەڵە پێوەندییەکی ناوەوەو دەرەوە ئەبێ چۆن ببرێت بەڕێوە بەلکو هەمیشە لەکلاوڕۆژنەیەکی زۆر تەنگ و تاریك و مەسلەحەتی شەخسی و عەشیرەتی تەسکەوە بەناوی ئەوەی گوایا سیاسەت بازی ئەکەن مەسەلەی کوردیان هەلگێڕو داگیر کردووەو بەو بارە نالەبارە سەختە نەنگیان بردووە کەئەوەتا لەبەرچاوی هەمووانەدا ڕەنگ ئەداتەوە، لەساڵەکانی رابردوودا سەبارەت بەوەی دوای شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی گەورەی ئەمر کەس نەبوو جگە لەبارزانی جێگەی بگرێتەوەو جەك لەپێناوی دەست خستنی مافی نەتەوایەتی کورد بەرزبکاتەوە، وەنەتەوەی کورد چەوساوەو بەش خوراوی نێو نەتەوەکانی گیتی بووە، سەبارەت بەوەی مەلا مستەفا تەوومژێکی ئەفسانەی بەدەوری خۆیدا کێشابوو گوایە پیاوێکی ئازاو داناو سیاسەت مەداری گەورەیە، سەبارەت بەم دووخاڵە زۆربەی زۆری خەلکی کوردستان لەکوردستانی عێراق و بەشەکانی تری کوردستاندا لایەن وابووە کەدەست نەخرێتە کاری جەنابی مەلا مستەفاوەو مۆڵەت بدرێت خۆی بەتەنیا خۆی تاوتوێی مەسەلەی کورد بکات و ڕێگای چارەسەرکردن و سەرکەوتنی

بۆ بدۆزێتەوەو هەر دەست تێوەردان و خۆ لەکاری مەلا مستەفا هەڵسوان یا کارێکی سەربەخۆ لەکۆڕی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دا نەچێتە خانەی جاشایەتی بگرە خیانەتکاریشەوە، بەڵام دوای ئاش بەتاڵ و دەسکەوتنە رووی جەنابی مەلا مستەفا نابێ نەك هەر مۆڵەتی جۆرە پاکانەی وابدرێت بەڵکو پێویستە بەتوندی بەپەرچ بدرێتەوەو بەربەرەکانی بکرێت لەمە پتر یاری و گەمەبازی بەبزووتنەوەو چارەنووسی نەتەوەی کورد نەکرێت، وەگۆڕەپانی کوردستان لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانەی ئازادانە بەردی محەك و کێش و تەرازووی رێبازی راست و بۆچوونی دڵسۆزانەو خەباتی شارستیانیانەی کوردو کوردستان بێت.

گەواتە ئەبێ چۆن سەرکردایەتی بزووتنەوەی گەلی کورد بکرێت وەچ رێبازێك بگرێتە بەرو رەوتی کاتی و دووری واتا تاکتیك و ستراتیژی بەرێوە ببرێت؟ ئەبێ لەچ سەرچاوەیەکەوە بیر لەنەخشەو دانان و کارکردنەوە لەپێناوی جێبەجێکردنی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بکرێتەوە؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تر وەڵامەکانیان بەوە ئەدرێتەوە کەکێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی فرە چین و توێژاڵە، کەبەدرێژایی مێژوو پێکهاتووە وەزۆر دەمێکە ئەم نەتەوەیە جگە لەچەوسانەوەی چینایەتی، دووچاری چەوسانەوەی نەتەوایەتیش بووە، وەئەم چەوسانەوەیە سەبارەت بەوەی هەمیشە لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە بووە وەئەم دەوڵەتانە گەلێك جار بەهەموویان گەلە کۆمەکیان لەنەتەوەی کورد کردووە، کێشەی ئەم نەتەوەیە بارو رەنگێکی گرژو گرێگرێیاوی و نالەباری بەخۆیەوە گرتووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم نەتەوە زۆر لێکراوە چەوساوەیە بەدرێژایی مێژوو کەسانی ناوداری

کوردو خانەدان و خاوەن پایە یاخود حزب و کۆڕو کۆمەڵ هاتوونەتە کایەوە ئۆباڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیان گرتۆتە ئەستۆ. وەئەگەر هەر کوردێک بەسەر مێژووی خەباتی کوردایەتی‌دا بچێتەوە پەردەکانی ئەم شانۆ پڕ گیرو گرفت و خوێناویە یەک لەدوای یەک بەسەر بکاتەوە، دیمەنەکانی هەموو دێتەوە بەرچاو، ئایا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بزووتنەوەیەکی دەست کردە لەلایەن ئەم دەوڵەتی دراوسێی کوردو ئەو دەوڵەتی بیانی گەورەوە بنیات نراوە؟ ئایا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئەگەر خۆشی بزووتنەوەیەکی ماددی و مەوزوعی بێت بێ دەست تێوەردان و هاندانی دەوڵەتانی بیانی و تەماعکار بەهێزو توانای تایبەتی جەماوەری گەلی کورد نابزوێت؟ ئایا پارتی و کۆڕو کۆمەڵ و ناوداران و سەرکردەکانی کورد لەسەرانسەری کوردستانا بەبێ هانەو فیتی دەوڵەتێک یاخود چەند دەوڵەتێکی بیانی نابێ بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لەخەباتی ئارام ئامێزەوە بگوێزنەوە باری چالاکی شۆڕشگێڕانە بەنیازی دەست گرتن بەرێگای رزگاربوونەوە؟ هەندێک باسی رێڕەوی خەباتی جەنابی مەلا مستەفامان لەم رووەوە کردووە بانەختێکیش باسی بیرو ڕاو بۆچونەکانی کاک مەسعود بارزانی بکەین کەهەر رەنگدانەوەو درێژەی بیرو باوەڕی باوکیتی، کاک مەسعود بارزانی خۆی و دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەکانی بەناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەڵێن، ئەمریکاو رۆژئاوا تائێستا مەسەلەی کورد، بەمەسەلەیەکی مرۆڤایەتی لەقەڵەم ئەدەن و تەنیا لەم سەرچاوەیەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ ئەکەن. ئەڵێن ئێمە بەئاشکراو روونی لەتەک ئەم دەوڵەتانەدا گفتوگۆمان کردووە

ویستومانە تێمان بگەیەنن کەچۆن مامەڵە لەتەك کێشەو مەسەلەی کوردا ئەکەن، هەر لەوەڵامدا ووتویانە لەباری مرۆڤ پەروەرانەوە ئێمە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ ئەکەین، لەبەر ئەوە ئەم یارمەتیو چاوڵێبونەش هەڵوێستێکی کاتیە بۆیە ئێمە ناچار پەنامان بردۆتە بەر بەغداو رژێمی بەغدا!! کەچی راستی بیر کردنەوەو کارو کردەوەی ئەم لایانە نابێ لەسەر ئەو بنچینەیە بێت کەئایا دەوڵەتانی دراوسێو بیانی مەسەلەی کورد بەکێشەیەکی سیاسی یاخود مرۆڤایەتی بەزەیی هێنەر ئەزانن؟ بەڵکو پێویستە لەسەر ئەو بنچینەیە بێت کەمەسەلەی کورد گەیشتۆتە چ پایەو مەنزلگایەك، بزووتنەوەی کورد لەکاروانی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتیو مرۆڤایەتیدا چ رێگایەکی بریوەو لەقۆناغی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا بەکوێ گەیشتووە، ئەمە لەلایەكو لەلایەکیترەوە ئەو هێزەی ململانێی لەتەكدا ئەکات خاسیەتی چینایەتیو نەتەوایەتیو مرۆڤایەتی لەچ پایەیەکدایە؟ ئایا ئەم هێزە لەخانەی دوژمنی سەرسەختو لەرێکەوتن نەهاتوو دووبەرەکی توندو تێژدایە یاخود لەخانەی نیشتمانپەروەرێتی گەوجو نەفام دایە کەبەرێگەیەکی ئاسایی ئەم کێشەیەی بۆ چارەسەر ناکرێت؟ ئایا نەبێت هیچ پارتیو سەرکردەیەك وەك کەڵوپەلی بازرگانی، کوردو کێشەی کورد بخاتە بازاڕی هەراجی (المزاد) کڕینو فرۆشتنەوە؟!! بێگومان ئەبێ سەرکردەو پارتیە نەتەوەییە پێشڕەوو پێشکەوتن خوازەکانی کورد ئوباڵی گەیشتن بەم ئامانجە بەشێوەیەك بگرنە ئەستۆ کەوا بزانن هیچ لاو دەوڵەتێك نیە بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەوە بێتە بگرە بەڵکو بیر لەوەش بکەنەوە کەهەندێ

دەوڵەتی دراوسێو بیانی کۆسپ ئەخەنە ڕێگای ئەم سەرکەوتنەوە ئەم ڕێبازە راستە دەقاو دەق پێچەوانەی ئەو ڕێبازو بۆچوونەیە کەلای وایە بەشەرتی چەقۆ کوردایەتی ئەکات، واتە ئەگەر ئەم لایەو ئەو لایە یاخود ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەت دەستی یارمەتیان بۆ درێژکرد ڕێگایەك ئەگرێتە بەر و ئەگەر نەشیان گرت ئەوا ڕێگایەکیتری پێچەی‌وانەی ئەم ڕێگایە ئەکات بەسەر مەشقی خۆی، لەچاوپێکەوتنێکدا لەتەك نێچیروان بارزانی‌دا دەربارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا ئەڵێت سەبارەت بەوەی ئەمریکاو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان مەسەلەی کورد بەهیچ نازانن‌و تەنیا کۆمەکی مرۆڤانەمان ئەکەن‌و بەڵێنی تەواویان نەداوینەتێ کەبمان پارێزن. ئەبێ هەر لەگەڵ بەغداد ڕێکبکەوین. کەئەبوو ئەم شتانە کێش‌و تەرازووی نەبوایە، بەڵکو یەکێتی خەباتی گەلی عێراق‌و نیشتمان پەروەرێتی‌و قازانجی دوورو نزیکی هەردوو گەلی کوردو عەرەب‌و...... بکردایە بەکێش‌و تەرازوو بۆ گفتوگۆکردن یان نەگردن لەگەڵ بەغدادا. ئەوەگا هەڵوێستی ئەمریکاو ئەوروپا لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان!! هەروەها سەرووتارێکی ڕۆژنامەی خەباتی ئەم پارتییە ئەڵێت ئەمریکا سیاسەتێکی دوو لایەنە بەرامبەر بەکورد بەکار ئەهێنێت، یارمەتی کوردی عێراق ئەداتو دژی کوردی تورکیا ئەوەستێت. ئەگەر ئەمانە بەراستی دۆستو نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوونایە نەئەبوو ئەمریکا لەپاراستن‌و یاریدەدانی کوردی عێراق سارد بکەنەوە بەڵکو لەباسێکی تایبەتی بەکوردی کوردستانی تورکیادا بۆ کاربەدەستانی ئەمریکایان ڕوون بکردایەوە کەپاراستنی مافی مرۆڤایەتی‌و ناوبانگی دەوڵەتی مەزنی ئەمریکاو قازانجی دوا ڕۆژی گەلی

ئەمریکا لەوەدایە کەپارمەتی کوردی کوردستانی تورکیا بدات وەکو یەکێتی ئەوروپا زۆر بۆ تورکیا بهێنێت کەدەست لەسیاسەتی شۆڤینی رەگەزپەرستی هەلگرێتو پی بەمافی رەوای نەتەوایەتی کورد لەکوردستانی تورکیا بنێت راستییەکەی گەیشتوینەتە قۆناغێك کەئیتر بواری ئەوە لەناو کوردا نەماوە کەلەبەر خاتری خاتران چاو لەمو لەوو لەکردەوەی ناڕەواو ناراستی ئەم سەرکردەو ئەو پارتییە بپۆشرێت. بەلکو پێویستە رەشو سپی لەیەك جیا بکرێتەوە، لەم هەلومەرجە رەخساوەدا ئیتر هەلبازانو بازرگانانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان یاری بەچارەنووسی گەلەکەمان نەکەن. وەئۆبالی هەرەگەورەی ئەم کارە ئەکەوێتە ئەستۆی رۆشنبیرانی دیموکراتو شۆڕشگێڕی گەلی کورد کەبەچرایەکی رووناکەوە رێبازی سەرکەوتنی گەلی کورد روناك بکەنەوەو نەیەلن لەوە زیاتر گالتە بەهوشیاریو چارەنووسو دوا رۆژی گەلەکەمان بکرێتو بزووتنەوەکەی چەواشە بکرێتو تێکۆشانی راستەقینەو رەوتی خەباتی زەحمەتکێشانی کوردی بەدرۆو دەلەسەی شاخدار لێبکرێت بەجاشایەتیو جاشایەتی ئاشکراو بێ گەردیشی لێبکرێت بەکوردایەتیو نیشتمانپەروەرێتی.

خۆ رووداوەکانی ١٩٦٦و گرتنی هەولێر لەلایەن لەشکری عێراقەوە بە٧٠٠ تانكو ١٠٠هەزار سەربازو ئەفسەری گەورەوە بەهیچ شێوەیەك گرێ لەدلی کەسدا ناهێلێت کەبنەمالەی بارزانی هەروەك پیشەی هەمەسالەی رابردوویان بزووتنەوەی کوردیان خستۆتە بازاڕی بازرگانێتیو جاشایەتییەوە دەفەرموون سەیری ئەم شانۆگەریەی بەڕێز مەسعود بارزانی بکەن:

لەدەی مانگی ئابدا نامەیەك دەنێرێت بۆ سەرۆك سەدام حسێن داوای لێئەكات لەشكری عێراق پشتیوانی بكات بۆ گرتنی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی كوردستان‌و هێزی یەكێتی نیشتمانی لێ دەربەرێنن، بیانوو هۆی ئەو داواكردنەش ئەبەستێتەوە بەوەی ئێرانی‌یەكان دەستیان خستۆتە دەستی یەكێتی نیشتمانی‌و دەستیان درێژ كردۆتە كاروباری ناوخۆی كوردستانی عێراقەوە وەبەرێز مەسعود بارزانی بڕوای بەیەكێتی خاكی عێراق‌و برایەتی كوردو عەرەب‌و دوژمنی دەوڵەتانی دراوسێ‌و دووری عێراقی دەست درێژكەرە.

جارێ لەلایەكەوە بەرنامەی ئەم بنەماڵەیە هەموو بەستراوەتەوە بەهاوكاری‌و دەست درێژكردنی حكومەتانی ئێران بۆ خاكی كوردستانی عێراق وەهاتنی مەسعودو ئیدریس لەتەك لەشكری ئێراندا بوون بەچاو ساغیان بۆ داگیركردنی حاجی‌هۆمەران‌و گردەمەند، كەكارەساتێكی گەورەی بەسەر ئەم بنەماڵەیە هانی سەبارەت بەوەی پێش ئەم رووداوە هەموو شتێكیان لەتەك كاربەدەستانی بەغدا بڕیبووەوە كەبگەڕێنەوە بۆ كوردستان بەئەمانەت خۆیان‌و هێزەكانیان لەناوچەی حەریردا دابنیشن‌و كاروباری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەپێی رێكەوتنێكی تایبەتی لەگەڵ حكومەتی عێراقدا ببەن بەڕێوە، ئەم كورتە باسە نووسینێكی فرەی ئەوێت دوای ئەخەین بۆ هەلێكی‌تر. هەروەها لەو كاتەی ئەم بەندو باڵۆزەیان بڵاوكردەوە كەنامەیان بۆ سەدام حسێن نووسی خۆیان لقێكی تایبەتیان لەئێران هەبوو جگە لەپەنابەرو مەكتەبی تایبەتی نوێنەرایەتی خۆیان لەتاران‌و كەرەج‌و چەند شارێكی تری ئێران. بابڵێین هۆشیان هاتۆتەوە بەر

خۆیان‌و زلەی زەمانە یان راستر زلەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناچاری کردن بگەرێنەوە سەر رێگای راست‌و نیشتمانپەروەرێتی‌و پاراستنی خاکی یەکگرتووی عێراق بەکوردستانیشەوە کەچی هەر دوای ئەوەی لەشکری عێراق هەولێری بۆ گرتن‌و ئەم شارەی دایە دەستیان زوو بەرێز مەسعود بارزانی نامەیەکی تایبەتی بۆ کریستۆفەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نارد کەئەم وەزیرە ئەم نامەیەی بەئیجابی لەقەڵەمدا تێیدا ئەڵێت ئەگەر ئەمریکا لەهێرشی بەغداو ئێران بمانپارێزێت ئەوا ئێمە دەست لەهاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەڵئەگرین وەئەمریکا لەهەموو دەوڵەتێکی تری جیهان بەباشتر ئەزانین بۆ پاراستنی خۆمان‌و کوردستانی عێراق هەر زوو وەزیری دەرەوی ئەمریکا ناوەرۆکی ئەم نامەیەی فۆستەوەو رۆبەرت بیلیترۆی یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نارد بۆ ئەنقەرەو کۆبونەوەیەکی لەتەك مەسعود بارزانی‌دا کرد. کەئەو کۆبونەوەیە بەسێ کۆبونەوەی‌تر لەتەك نوێنەرانی مەسعود بارزانی‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ناکۆکی‌و دووبەرەکی نێوان یەکێتی‌و پارتی بەرێکەوتننامەکەی ئەنقەرە گەیاند کەجگە لەسەرپەرشتیاری ئەمریکا، بەریتانیاو تورکیاو نوێنەرانی تورکمانی عێراق‌یش لەم کۆبونەوەیەو رێکەوتننامەیە وەکو ئاوبژیکەرو چاودێریکەر ئامادەبوون. ئەم رێکەوتننامەیەی ئەمریکای لەبارودۆخی ئاڵۆزی کوردستانی عێراق ئارام کردەوەو تورکیای لەدۆستایەتی عێراق‌ی نیشتمانی کوردو عەرەب هەڵگێرایەوەو تورکمانی عێراقی کرد بەخاوەن بەش لەتەك گەلی کوردی کوردستانی عێراقدا. ئەگەر جەنابی مەسعود بارزانی بەتەنگ یەکێتیی عێراق‌و برایەتی

کوردو عەرەب‌و هاوپەیمانێتی (التحالف)ی ستراتیژی نێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەربەوە بهاتایە وەکو لەسوریا بەڵێنی بە حافظ الاسد سەرۆك کۆماری سوریادا سوور بوایە لەسەر پاراستنی ئەم برایەتی‌و هاوپەیمانیەتی‌یە ئەوا ئەی ئەهێشت خوێنی رۆڵەکانی کوردو عەرەب، سەربازو پێشمەرگەو هاولاتیانی عێراقی لەهەولێرو دەروبەری هەولێر ووشك بێتەوە، گورج‌و گۆڵ بێ دواکەوتن نامەی ئاراستەی بەرێز کریستۆفەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نەئەکردو پاکانەی بۆ پەنا بردنەکەی بۆ حکومەتی عێراق تێدا نەئەنووسی، ئیتر کێ ئەتوانێ پاکانە بۆ ئەم دوو هەڵوێستە نێجگار لەیەکتری دوورە بکات ئەم دووریانە، لایەکی بۆ بەغدای دوژمن بەئەمریکاو لایەکی‌تری بۆ ئەمریکای دوژمن بەبەغدا. چۆن لەتەك یەکتری‌دا ئەگونجێن‌و لەچ مەنجەڵێکدا پێکەوە ئەکوڵێنرێن؟.

با تەماشایەکی جاشایەتی بکەین بزانین هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی ١٩٦٧ دەربارەی رێکەوتننامەی ١٩٦٧وە درێژەدان بەسیاسەتی راست‌و رەوان‌و یەك لایەنە جاشایەتی‌و خیانەتە یاخود کارەساتەکەی هەولێرو هەڵگەڕانەوە بەرەو ئەمریکاو تورکیاو ئێران، وەدوورکەوتنەوە لەهاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان کوردو عەرەبی بەڵێن بۆ دراو لەلایەن کاك مەسعود بارزانی‌یەوە بۆ سوریا، بەڵام زۆر دەمێکە کورد ووتوویەتی (حەیا دڵۆپێکە کەتکا ئەتکێ) پێویستە بەم بۆنەیەوە ئاماژە بۆ خەوو خەیاڵی هەندێ سەرکردەی گەل‌و وولاتە نەشونماکەرەکان (الشعوب و الدول النامیە) کەلایان وایە لەسیاسەتمەداری‌دا ئەتوانن هەموو لاو وولاتێك یاخود کاربەدەستانی ئەو حکومەتانەی مامەڵەیان لەتەکدا ئەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەولاو وولاتانەش لەتەك یەکتری‌دا ناکۆك

یاخود دژ بەیەکتری بن، ئەمانە هەموو رازی بکەن یاخود ئەتوانن بەدرۆو دەلەسە پاشقول لەهەر لایەك بگرن. هەندێ جار وارێك ئەکەوێت کەچەند دەوڵەتێك جیاواز لەبیرو باوەڕو قازانجو دەستکەوتو دەسەڵات هەموو سەرجەم هەڵوێستێکی وەك یەکیان بەرامبەر سەرکردەو بزووتنەوەی گەلێکەوە هەیە، بێ ئەوەی ئەوەندە گوێ بدەنە راستیو ناڕاستی ئەو سەرکردانەی ئەو جۆرە بزووتنەوانە ئەبەن بەڕێوە، سەبارەت بەوەی لەکاتو زەمینەیەکی تایبەتی قازانجو دەستەکەوتی دەوڵەتەکانیان ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەخوازێ، بەڵام بێگومان ئەمە لەلایەکەوە فریو خۆری نیە وەکو هەندێ سەرکردە بەزیرەکی بێ هاوتای خۆیانی ئەزانن وەلەلایەکی ترەوە ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستێکی کاتی ئەبێتو ئەو هەلو مەرجانەی خستونیەتە سەر ئەم رێبازە بەگشتی دووچاری گۆڕان ئەبنو بەگۆڕانیان هەڵوێستەکانیشیان ئەگۆڕێت، وەکو چەند جارێك بزووتنەوەی کوردایەتی لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەم بەسەرهاتانەی بەخۆیەوە دیوە، هەر کەسێك لەم سەرکردانە وابزانێت کەکاربەدەستانی دەوڵەتانیتر گەوجن خۆی گەوجە، چونکە ئەو دەوڵەتانە چەند دەزگایەکی جۆراوجۆری پشت بەستوو بەزانیارانو پسپۆڕانو راوێژکارانی لێهاتوویان هەیە لەکارو پیشەیان ئەوەیە لەبزووتنەوەو سەرکردەی ئەو گەلانە بکۆڵنەوە کەئەیانەوێت بۆ هەر مەبەستێك بێت پێوەندیان لەتەکدا ببەستن، هەر بۆ نموونە حکومەتی عێراق هیچ نەبێت شارەزایی ٣٤ ساڵی دەربارەی شۆڕشی کوردو سەرکردە هەمەپایەکانی ئەم شۆڕشەی هەیە چ جای سەرکردەکانی وەك مەلا مستەفاو کاك مەسعود بارزانی یاخود هەر کەسێکیتر هەروەکو حکومەتی

عێراق، حکومەتەکانی ئەمریکاو ئینگلیزو تورکیاو فەڕەنساو ئێران هەمان شارەزاییان لەکوردو بزووتنەوەی کوردی عێراقو سەرکردەکانی هەیە، بۆیە هەر سەرکردەیەک وابزانێت بەقسەی بێبناغەو کردەوەی ناڕاست ئەتوانێت هەموو یاچەند دەوڵەتێک لەمانە فریو بدات، لەخۆی بەولاوە کەسیتری بۆ فریو نادرێت، بۆیە ڕێبازی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە بەپێی قازانجو دەسکەوتی ڕاستەقینەی گەلو وڵاتەکەی ئەخشەی ڕێبازی کاری سیاسی دەستنیشان بکات وەبەو پێیە ڕەوتی خەبات بەڕێوە بەرێت وەلەم ڕێڕەوەدا بۆ هەموو سەرکردەو پارتییەکدا هەیە کەبەئەمانەت ئامانجە بچوکەکانو تەنانەت مام ناوەندیەکانیش بۆ ماوەیەکی پێویست لەپێناوی ئامانجە سەرەکییەکاندا رابگرێت. یاخود چەند ئامانجێکی بچووک لەکاتی تەنگو چەڵەمەو ناچاریدا بکات بەقوربانی ئەو ئامانجەی قازانجی سەرەکیو چارەنووسی گەلو وڵاتی پێوە بەستراوە.

***